# بڕیارەکانی
# سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

# بۆ ساڵی ٢٠٠٢

دانانی
کۆمپیوتەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
(هێڤی أومێد فوأد)

# پاشكۆ


| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١ | بڕیاری ژمارە (١) | ٢٢/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ١ | پێشكەش كردنی مەدالیای شەرەف بۆ (ملازم فواد عمر) و (عبد الله بۆر) |
| .٢ | بڕیاری ژمارە (٢) | ٢٢/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ١ | تەرخان كردنی (٥٠٠٠) دینار مانگانە بۆ (ملازم فواد عمر) و (عبد الله بۆر) |
| .٣ | بڕیاری ژمارە (٣) | ٢٢/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢ | ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بە تۆمەتباران لە كێشەی ژمارە (٣/٢٠٠٠) |
| .٤ | بڕیاری ژمارە (٤) | ٢٦/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢ | بەكرێدانی پارچە زەوی ژمارە (٤/٩٠٣ كەرتی دەرگەزێن) بۆ (عمر علی صالح) و (عبد الرزاق عارف) |
| .٥ | بڕیاری ژمارە (٥) | ٢٧/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣ | دامەزراندنی (٣) دادوەر بصنفی (چوار) پلە (د) |
| .٦ | بڕیاری ژمارە (٦) | ٢٧/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣ | دامەزراندنی (سعید أحمد محمد سعید) بە بەڕێوەبەری گشتی كتێبخانە گشتیەكان |
| .٧ | بڕیاری ژمارە (٧) | ٢٨/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣ | ألغاء كراوەتەوە |
| .٨ | بڕیاری ژمارە (٨) | ٢٨/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣ | بەخشینی (پێشمەرگەی كەمئەندام) لە نرخی فرۆشتنی ئەو پارچە زەویانەی كە بۆیان تەرخان كراوە |
| .٩ | بڕیاری ژمارە (٩) | ٢٨/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٤ | بەكرێدانی دێی دوكان و ئوتێل عەشتار بە (صلێوە گۆرگیس) بە شێوەی مساطحة |
| .١٠ | بڕیاری ژمارە (١٠) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٤ | ئیعفاكردنی (چەتۆ ڕۆوف حەوێزی) لە پۆستی سەرۆكی دەزگای شەهیدان |
| .١١ | بڕیاری ژمارە (١١) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٥ | ألغاء كراوەتەوە |
| .١٢ | بڕیاری ژمارە (١٢) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٥ | ألغاء كراوەتەوە |
| .١٣ | بڕیاری ژمارە (١٣) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٥ | ئیعفاكردنی (عثمان إسماعیل حسین) لە وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی گومرگەكان |
| .١٤ | بڕیاری ژمارە (١٤) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٥ | ألغاء كراوەتەوە |
| .١٥ | بڕیاری ژمارە (١٥) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٥ | دامەزراندنی (حامد خالد محمد حسن) لە پۆستی سەرۆكی دەزگای شەهیدان |
| .١٦ | بڕیاری ژمارە (١٦) | ٢٩/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٥ | ألغاء كراوەتەوە |
| .١٧ | بڕیاری ژمارە (١٧) | ٣٠/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٦ | تعدیل كردنی ماددەكانی (١، ٣) لە یاسای وەزارەتی داد یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ |
| .١٨ | بڕیاری ژمارە (١٨) | ٣٠/تشرینی یەكەم/٢٠٠٢ | ٦ | دامەزراندنی (فاروق جمیل صادق) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی داد |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ١٩. | بڕیاری ژمارە (١٩) | ٣٠/تشرینی یەکەم/٢٠٠٢ | ٦ | ألغاء کراوەتەوە |
| ٢٠. | بڕیاری ژمارە (٢٠) | ٣٠/تشرینی یەکەم/٢٠٠٢ | ٧ | ألغاء کراوەتەوە |
| ٢١. | بڕیاری ژمارە (٢١) | ٣٠/تشرینی یەکەم/٢٠٠٢ | ٧ | ألغاء کراوەتەوە |
| ٢٢. | بڕیاری ژمارە (٢٢) | ٣٠/تشرینی یەکەم/٢٠٠٢ | ٧ | ئیعفاکردنی (لعلی علی أحمد) لە بڕی (٢٩٣٩٦) دینار |
| ٢٣. | بڕیاری ژمارە (٢٣) | ٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٧ | بەخشینی کلێسای ئینجیلی پرۆستانتی لە بڕی (١٣٤٤٢٦) دینار |
| ٢٤. | بڕیاری ژمارە (٢٤) | ٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٧ | کەمکردنەوەی کرێی ساڵانەی (ئوتێل سلێمانی پالاس) لە (٤٠٠٠٠٠) بۆ (٥٠٠٠٠) دینار |
| ٢٥. | بڕیاری ژمارە (٢٥) | ٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٨ | خەرج رکدنی مووچەی شەهیدانە بۆ (مجید محمد أمین بهرام) |
| ٢٦. | بڕیاری ژمارە (٢٦) | ٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٨ | بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ (پاکیزە مصطفی زیاد) بە بڕی (٤٥٠٠) دینار |
| ٢٧. | بڕیاری ژمارە (٢٧) | ٥/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٨ | خانەنشین کردنی (١٥) کەس |
| ٢٨. | بڕیاری ژمارە (٢٨) | ٥/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٩ | گەڕانەوەی سەرجەم مولیدە کارەبایەکان حکومیەکان بۆ وەزارەتی پیشەسازیو وزە |
| ٢٩. | بڕیاری ژمارە (٢٩) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٩ | ئیعفاکردنی (٣) وەزیر لە پۆستەکانیان |
| ٣٠. | بڕیاری ژمارە (٣٠) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٠ | ئیعفاکردنی بەڕێز (بایز سعید محمد) لە پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریو دارایی |
| ٣١. | بڕیاری ژمارە (٣١) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٠ | بەرزترین ڕادەی ڕەسمی وەرگیراو لە کۆمپانیاکان بە بڕی (١٥٠٠٠٠) دینار دەبێت |
| ٣٢. | بڕیاری ژمارە (٣٢) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١١ | دامەزراندنی (٣) وەزیر |
| ٣٣. | بڕیاری ژمارە (٣٣) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١١ | هاوولاتیان سەر پشك دەکریچت بە دانی پارەی باج بە دینار یان دۆلار |
| ٣٤. | بڕیاری ژمارە (٣٤) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٢ | دامەزراندنی (عثمان إسماعیل حسین) لە پۆستی بریکاری وەزارەتی داراییو ئابووری |
| ٣٥. | بڕیاری ژمارە (٣٥) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٢ | ئیعفاکردنی (جلال سام ئاغا) لە پۆستی بریکاری وەزارەتی داراییو ئابووری |
| ٣٦. | بڕیاری ژمارە (٣٦) | ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٢ | دامەزراندنی (جلال سام ئاغا) لە پۆستی سەرۆکس دیوانی چاودێریو دارایی |
| ٣٧. | بڕیاری ژمارە (٣٧) | ١١/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٢ | دەست لەکار کشانەوەی (بکر یعقوب) بە قائممقامی قەزای ڕانیە |

# پــــــاشکـۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨. | بڕیاری ژمارە (٣٨) | ١١/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٣ | زیاد کردنی مووچەی کەم ئەندامان دەزگای شەهیدان ڕێژەی پەککەوتنیان (١٠٠٪) بۆ (٥٠٠) دینار |
| ٣٩. | بڕیاری ژمارە (٣٩) | ١٢/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٣ | ئیعفاکردنی هاووڵاتیانی شارۆچکەی قەڵادزێ لە ڕەسمی یاسایی لەکاتی دروست کردنی خانووبەرە |
| ٤٠. | بڕیاری ژمارە (٤٠) | ١٢/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٤ | دامەزراندني (سەربەست حسن أمین) بە راوێـذکار لـە سـەرۆکایەتي ئەنجومـەني وەزیران |
| ٤١. | بڕیاری ژمارە (٤١) | ١٢/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٤ | بەخشینی (مانگی سووری عێراقی) لە ڕەسمی بیناکردنی زەوی (٥٥/٤ کەرتی (٨) ئابلاخ) |
| ٤٢. | بڕیاری ژمارە (٤٢) | ١٢/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٤ | بڕینەوەی مووچەیەکی خانەنشینی بە بڕی (٥٠٠٠٠) بۆ (سلێمان محمد کاکی ) |
| ٤٣. | بڕیاری ژمارە (٤٣) | ١٢/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٥ | ألغاء کراوەتەوە |
| ٤٤. | بڕیاری ژمارە (٤٤) | ١٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٥ | پێدانی دەسەڵات بە وەزیری تەندروستی بۆ دامەزراندنی (٢٥) پاسەوان |
| ٤٥. | بڕیاری ژمارە (٤٥) | ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٥ | درێژکردنەوەی ماوەی ساڵێك لە بڕگەی (١) لە ماددەی (حەوت)و بڕگە (٣ – أ) و (٤ -و) لە ماددەی (هەشت) لە یاسای ڕەگەزنامەی عیراقی ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٦٣). |
| ٤٦. | بڕیاری ژمارە (٤٦) | ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٦ | وەرگرتنی (١) یەك دینار لەلایەن بریکارەکانی دابەش کردنی خۆراك لە هەر خێزانێك لە بەرامبەر دابەشکردنی فۆرمی نەوت بەسەریاندا. |
| ٤٧. | بڕیاری ژمارە (٤٧) | ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٦ | بەدەرکردنی دەرچووانی بەشی چاککردنی ئامێرە پزیشکییەکان (**تقني أجهزة الطبية**) لە پەیمانگا تەکنیکییەکان لە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥٥) لە ساڵی ٢٠٠١. |
| ٤٨. | بڕیاری ژمارە (٤٨) | ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٦ | سزادانی هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی کە زیان دەگەیێنێت بە تۆڕی کێبلاتی تەلەفۆنی شارو شارۆچکەکانی |

# پـــــــاشكـۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| .٤٩ | بڕیاری ژمارە (٤٩) | ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٧ | دامەزراندنی بەڕێز (صبیحە حسن محمد) بە ڕاوێژکار لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. |
| .٥٠ | بڕیاری ژمارە (٥٠) | ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٧ | خانەنشین کردنی بەڕێز (صبیحە حسن محمد) ڕاوێژکار لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. |
| .٥١ | بڕیاری ژمارە (٥١) | ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٨ | هەڵوەشاندنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی ترافیك) لە پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ، أستحداث کردنی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەندازەی هاتووچۆ). |
| .٥٢ | بڕیاری ژمارە (٥٢) | ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٨ | أستحداث کردنی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هاتوچۆ) لە پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ. |
| .٥٣ | بڕیاری ژمارە (٥٣) | ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ١٩ | خەرج کردنی دەرماڵەی (ژنو منداڵ) بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە |
| .٥٤ | بڕیاری ژمارە (٥٤) | ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢٠ | خانەنشین کردنی بەڕێز (عبدالمجید عبدالحمید گوێڕی) بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی |
| .٥٥ | بڕیاری ژمارە (٥٥) | ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢٠ | دامەزراندنی بەڕێز (یاسین ملا رؤوف رسول) بە بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی |
| .٥٦ | بڕیاری ژمارە (٥٦) | ٢٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢٠ | فرۆشتنی زەوی ژمارە (٢٨/٣ کەرتی (٨) ئابلاخ) بۆ بەڕێز (توفیق طیب حسن) بە نرخی (١٥٠٠) دینار. |
| .٥٧ | بڕیاری ژمارە (٥٧) | ٢٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢١ | ألغاء کراوەتەوە |
| .٥٨ | بڕیاری ژمارە (٥٨) | ٢٧/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢١ | ئیعفاکردنی (یانەی وەرزشی کمال سەلیم) لە بڕی (١٠٥٥٠٢) دینار |
| .٥٩ | بڕیاری ژمارە (٥٩) | ٢٧/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢١ | گەڕانەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە زیندی سیاسین بۆ سەر کاری پێشووی خۆیان |
| .٦٠ | بڕیاری ژمارە (٦٠) | ٢٧/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ | ٢٢ | إعفاء الأحداث المودعین عما تبقى من مدد محکومیتهم. |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٦١. | بڕیاری ژمارە (٦١) | ٢/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٣ | زیادكردنی مووچەی بنەڕەتی هێزەكانی (القوة الأجرائیة)ی فەرمانگەی چاككردنی كۆمەڵایەتی |
| ٦٢. | بڕیاری ژمارە (٦٢) | ٢/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٤ | ئیعفاكردنی وەرەسەی شەهیدانی شۆڕشی گەلی كوردستان لە نرخی ئەو پارچە زەوییەنیشتەجێیانەی كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بۆیان تەرخان دەكرێت |
| ٦٣. | بڕیاری ژمارە (٦٣) | ٢/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٤ | ئیعفاكردنی (زیندانییە سیاسیەكان) لە نرخی ئەو پارچە زەوییەنیشتەجێیانەی كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بۆیان تەرخان دەكرێت بە |
| ٦٤. | بڕیاری ژمارە (٦٤) | ٢/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٤ | ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەامبەر تۆمەتبار(هەژار رسول محمود) |
| ٦٥. | بڕیاری ژمارە (٦٥) | ٢/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٥ | پەسەندكردنی بوودجەی ساڵی ٢٠٠٢ی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێژەی (١٪) بۆ ڕێژەی (٤٪) |
| ٦٦. | بڕیاری ژمارە (٦٦) | ٣/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٦ | وەرگرتنی سزای دواكەوتن (الغرامة التاخیریة) لە ئەو كەسانەی خانووی حكومییان بۆ تەملیك كراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (١٢١) ی ساڵی ١٩٩٨ و دوادەكەون لە دەفع كردنی قیستی ساڵانەی تەملیك كردنی خانووەكانیان |
| ٦٧. | بڕیاری ژمارە (٦٧) | ٣/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٦ | كەمكردنەوەی باجی دەرامەت بە ڕێژەی (٥٠٪) لەسەر ئەو كۆمپانیاو بەڵێندەرانەی كە كاری بەڵێندەرایەتیان وەرگرتووە لە ڕێكخراوەكانی (UN) لەسەر بوودجەی بڕیاری (٩٨٦) |
| ٦٨. | بڕیاری ژمارە (٦٨) | ٤/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٧ | دامەزراندنی بەڕێز (خالد محمد أمین سفۆی) بە قائمقامی قەزای ڕانیە لەسەر میلاكی وەزارەتی ناوخۆ. |

# پــــــــاشكــۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٦٩. | بڕیاری ژمارە (٦٩) | ٩/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٧ | خەرج كردنی مووچەیەكی خانەنشینی مانگانە بە بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار بۆ هونەرمەند (عثمان محمد صالح فرج) |
| ٧٠. | بڕیاری ژمارە (٧٠) | ١١/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٨ | سەرف كردنی مووچەی خانەنشینی خاتوو(ناهدە شێخ سلام). |
| ٧١. | بڕیاری ژمارە (٧١) | ١١/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٨ | بەخشینی جوتیاران لە رەسمی گومركی بەرهەمی (فستق عبید)كە ئەگوێزرێتەوە بۆ سلیمانی و یان كە دەیبەن بۆ ئێران |
| ٧٢. | بڕیاری ژمارە (٧٢) | ١٥/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٨ | فرۆشتنی لە پارچە زەوی ژمارە (٣/٣٨ كەرتی ٨ ئابلاخ) بە (عمر حسین احمد ) بە (المزایدة العلنیة) |
| ٧٣. | بڕیاری ژمارە (٧٣) | ١٥/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٨ | بەكرێ دانی پارچە زەوی (٩٠٤/٥ كەرتی دەرگەزێن ) بۆ (كمال علی محمود) و (بهاءالدین احمد حسن) بە (مساطحة) |
| ٧٤. | بڕیاری ژمارە (٧٤) | ١٧/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٢٩ | پێدانی دەسەلأت بە ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بۆ خەرج كردنی پارە تا بڕی (١٠٠٠٠٠٠) دینار بۆ جێبەجێ كردنی پڕۆژە خزمەت گوزاریەكانی شارەوانی سلێمانی |
| ٧٥. | بڕیاری ژمارە (٧٥) | ١٧/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣٠ | پیدانی دەسەلأت بە وەزیری وەزیری پیشەسازیو وزە بۆ فرۆشتنی ئەو كەل و پەلانەی نرخی خەملێنراویان تا (٢٠٠٠٠) هەزار دینارە (المزایدة العلنیة) |
| ٧٦. | بڕیاری ژمارە (٧٦) | ١٨/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣٠ | بەخشینی ڕیكخراوی (منالپاریزی كوردستان) لە رەسمی مۆڵەتی بیناكردن بۆ ئوفیسی ریكخراوەكە لە سلیمانی سەر پارچە زەوی (٧٧/١٧٣ كەرتی (٨) ئابلاخ) |
| ٧٧. | بڕیاری ژمارە (٧٧) | ١٨/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣١ | مووچەی خانەنشینی سەرپەرشتیاری دادی (المشرف العدلی) كە دادوەرنین وسەرپەرشتی فەرمانگە دادیەكان دەكەن وەك مووچەی خانەنشینی (بریكاری وەزارەت) |
| ٧٨. | بڕیاری ژمارە (٧٨) | ٢٤/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ | ٣١ | فرۆشتنی لە پارچە زەوی ژمارە (٣/٣٧ كەرتی (٨) ئابلاخ) بە بەڕێز (احمد علی فرج ) |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٧٩. | بڕیاری ژمارە (٧٩) | ٢٩/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٢ | دامەزراندنی (حیدر محمد احمد) بە ناونیشانی (شارەزا) لە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان |
| ٨٠. | بڕیاری ژمارە (٨٠) | ٣٠/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٢ | فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە(٣/٣٨ کەرتی (٨) ئابلاخ) بە (عمر حسین احمد) |
| ٨١. | بڕیاری ژمارە (٨١) | ٣٠/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٣ | فرۆشتنی هەردوو پارچە زەوی ژمارە (١٧/٥ و ١٧/٧ کەرتی (٨) ئابلاخ) بە (محمد علی مجید) |
| ٨٢. | بڕیاری ژمارە (٨٢) | ٣٠/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٣ | فرۆشتنی پارچە زەوی (٣٨/٦٨ کەرتی (٨) ئابلاخ) بە (عمر قادر رشید) |
| ٨٣. | بڕیاری ژمارە (٨٣) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٤ | (دادگای جینایاتی سلێمانی) لایەنی تایبەتمەند دەبێت بۆ سەیرکردن و حوکم دان لەسەر کێشەی ژمارە (٢٥٦/ت/٢٠٠٢) تایبەت بە تاوانبار (احمد محمد حمه رضا) |
| ٨٤. | بڕیاری ژمارە (٨٤) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٤ | بەکرێ دانی هەردوو پارچە زەوی ژمارە (١/٣٠٠ و ١/٣٠١ کەرتی (٨) ئابلاخ) بە (مساطحة) |
| ٨٥. | بڕیاری ژمارە (٨٥) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٥ | مووچەی خانەنشینی بۆ (٢) کەس |
| ٨٦. | بڕیاری ژمارە (٨٦) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٥ | بڕیاری ڕێزلێنان لە نووسەرو هونەرمەندان |
| ٨٧. | بڕیاری ژمارە (٨٧) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٧ | بەخشینی (کۆمپانیای سەگرمە) لە پارەی گومرکی ئەو کەرەستانەی کە لە شاری هەولێرەوە دەیهێنێت بۆ پرۆژەی چاکردن و فراوان کردنی نەخۆشخانەی شاری ( تەق تەق) |
| ٨٨. | بڕیاری ژمارە (٨٨) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٨ | هەڵوەشاندنەوەی مامەڵەی فرۆشتنی پارچە زەوی (١٣٤/٢٦٠ کەرتی چوار باخ) بۆ (محمد طیب طاهر،جمال محمودمحمد ،کریم احمد کریم ، اختیار فارس) |
| ٨٩. | بڕیاری ژمارە (٨٩) | ٣١/کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ | ٣٨ | بەڕێز (فەرەیدون عبد القادر) وەزیری ناوخۆ بەکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەکالەت هەڵدەستێت تا گەرانەوەمان لە دەرەوەی هەرێم |

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (١)**
**ڕۆژ : ٢٢/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٣٠/ ڕەزبەر/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. پێشکەش کردنی مەدالیای شەرەف بۆ هەریەك لە دوو پێشمەرگە دێرینەی لە خوارەوە ناویان نووسراوەو لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە بێ دابڕان بەشداریان لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا کردووە.
**أ. ملازم فواد عمر چلبی**
**ب. عبد الله بۆر.**
٢. شەکڵو شێوەی مەدالیای بڕگە (١) ئارمی (**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**)ی تیادەبێت، و بەهای مەدالیای بڕگە (١) لەلایەن نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەم تێکۆشەرانەوە دیاری دەکرێت.
٣. فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، مەدالیای بڕگە (١) دابەش دەکات بەسەریاندا.
٤. هەڵگرانی مەدالیای بڕگە (١) لە بۆنە گشتیو تایبەتییەکاندا شوێنی تایبەتیان بۆ دیاری دەکرێت.
٥. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٦. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٢/ **تشرینی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٣٠/ ڕەزبەر/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

### هۆیەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە

بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی پێشمەرگە دێرینەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ز کە لە بارو دۆخێکی دژوارو ناسك و نالەباردا دریان بە شەوەزەنگی تاریکی داو بڵێسەی شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە ، بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد و بوون بە سەرمەشقی بەرگەگرتن لە زیندانەکانی دیکتاتۆریداو درێژەدان بە بەشداری لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا.
بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (٢)**
**ڕۆژ : ٢٢/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٣٠/ ڕەزبەر/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. تەرخان کردنی مووچەی (٥٠٠٠) **پێنج هەزار دینار مانگانە** بۆ هەریەك لەم دوو پێشمەرگە دێرینەی کە لە خوارەوە ناویان نووسراوە لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە بێ دابڕان بەشداریان لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا کردوە.
**أ. ملازم فواد عمر چلبی**
**ب. عبد الله بۆر.**
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٢/**تشرینی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٣٠/ڕەزبەر/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

### هۆیەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە

بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی پێشمەرگە دێرینەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ز کە لە بارو دۆخێکی دژوارو ناسك و نالەباردا دریان بە شەوەزەنگی تاریکی داو بڵێسەی شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە ، بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد و بوون بە

سەرمەشقی بەرگەگرتن لە زیندانەكانی دیكتاتۆریداو درێژەدان بە بەشداری لە شۆڕشی نوێی گەلەكەماندا. بۆیە ئەم برشیارەمان دەركرد.

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٣)**

**ڕۆژ : ٢٢/ تشرینی یەكەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٣٠/ ڕەزبەر/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشـــت بـــە ئـــەحكامی بڕیـــاری ژمــــارە (١٨٠) لـــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وە لەسەر پێشنیاری وەزارەتـی داد ژمـارە (٢٣١٦) لە ٢٣/ئەیلول/٢٠٠١ بڕیارماندا :-**

١. ڕاگـرتنی ئیجرائـاتی یاسـایی بەرامبـەر بـە سەرجەم تۆمەتباران لە كێشەی ژمارە (٢/٢٠٠٠) لـە دادگـای دوكـان، وە داخسـتنی فـایلی لێكۆڵینەوەكـەیانو ئازادكردنیـان دەست بـەجێ بـە مـەرجێك تـەوقیف نـەكرابن یـان حـوكم نەدرابن لەسەر كێشەی تر.

٢. وەزارەتــە پەیوەنـدی دارەكـان ئـەم بڕیـارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لـــە ســــلێمانی نووســـــرا لــــە ڕۆژی ٢٢/**تشـــرینییەكەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبـــــەر ٣٠/**ڕەزبەر**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٤)**

**ڕۆژ : ٢٦/ تشرینی یەكەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٤/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشـــت بـــە ئـــەحكامی بڕیـــاری ژمــــارە (١٨٠) لـــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. بەكرێ دانی پارچـە زەوی ژمـارە (٤/٩٠٣ **كـەرتی دەرگـەزێن**) كـە مـوڵكی وەزارەتـی شـارەوانیو گەشتو گوزارە بۆ بەڕێزان (**عمر علی صالح**) و (**عبد الرزاق عارف أحمد**) بە شێوەی (**مساطحة**) بـۆ مـاوەی (٢٥) **بیسـتو پێـنج سـاڵ** بـەدەر لـە یاسـای فرۆشـتنو بـەكرێدانی موڵـكو مـاڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦.

٢. پارچـە زەوی ئاماژە پێـدراوی سـەرەوە لەلایـەن ناوبراوانەوە بەكاردەهێنرێت بۆ دروست كردنی پرۆژەیـەكی بازرگـانی بـەپێی ئـەو كەشـفو نەخشەیەی كە سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی ئامادەی دەكات.

٣. وەزارەتـی شارەوانیو گەشتو گوزار لیژنەیـەكی خەمڵانـدن پێكـدەهێنێت بـە مەبەسـتی دەست نیشان كردنی كرێی ساڵانەی بەكرێدانی پارچە زەوی سەرەوە، و هەموو (٥) **پێنج ساڵ** جارێك ئەو لیژنـەی خەمڵاندنە چاودەخشێنێتەوە بە كـرێی سـاڵانەكەدا و بەرەچـاوكردنی بەرزەوەندی گشتیو بەرژەوەنـدی شارەوانیەكان گۆڕانكاری لە بڕی كرێیەكەدا دەكرێت.

٤. وەزارەتـــە پەیوەنـــدی دارەكـــان ئـــەم بڕیـــارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لـــە ســــلێمانی نووســـــرا لــــە ڕۆژی ٢٦/**تشـــرینییەكەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبـــــەر ٤/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٥ )
ڕۆژ : ۲۷/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز
بەرامبەر : ٥/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ك

**بـــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ۱۸۰ ) لە ۳۰/ئەیلول/۲۰۰۲ ، بڕیارماندا :-**

۱. دامەزراندنی ئەم (۳) سێ بەڕێزەی ناوەکانیان لە خوارەوەدا هاتووە بە (دادوەر)ی صنفی چوارەم – پلەی (د) کەلەسەر بنەمای تاقیکردنەوە و (الارجحیة) دا لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری دەست نیشان کراون.
۲. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
۳. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ۲۷/تشرینی‌یەکەم/۲۰۰۲ ز بەرامبەر ٥/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ناوەکان :-**

۱. چراخان إبراهیم فتاح.
۲. هەوار حمە خورشید شریف.
۳. گەشاو محمد أمین فتاح.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٦ )
ڕۆژ : ۲۷/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز
بەرامبەر : ٥/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ك

**بـــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ۱۸۰ ) لە ۳۰/ئەیلول/۲۰۰۲ ، بڕیارماندا :-**

۱. دامەزراندنی بەڕێز (**سعید احمد محمد سعید**) بە (**بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتیەکان**) لەسەر میلاکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بە مووچەو دەرماڵەی بریکاری وەزارەت.
۲. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
۳. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ۲۷/تشرینی‌یەکەم/۲۰۰۲ ز بەرامبەر ٥/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ۷ )
ڕۆژ : ۲۸/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز
بەرامبەر : ٦/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ك

**( ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە )**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ۸ )
ڕۆژ : ۲۸/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز
بەرامبەر : ٦/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ك

**بـــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ۱۸۰ ) لە ۳۰/ئەیلول/۲۰۰۲ ، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

۱. بەخشینی (**پێشمەرگەی کەم ئەندام**) لە نرخی فرۆشتنی ئەو پارچە زەویە نیشتەجێیەی بەپێی ڕێنماییەکانی دابەش کردنی زەوی بۆی تەرخان دەکرێت.
۲. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو وەزارەتی (**کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**)و (**تەندروستی**) ڕینمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

٣. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٨/**تشرینی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٦/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٩)**

**ڕۆژ : ٢٨/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٦/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ک**

## بــڕیــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. (**کرێ**)ی بەکرێدانی دێی گەشتو گوزاری دوکانو ئوتێل عەشتار بەپێی بڕیاری ژمارە (٦٨) ساڵی ٢٠٠١ بۆ هاووڵاتی (**صلیوە گورگیس مربس**) ناسراو بە (**أبو سناء**) بە شێوەی (**مساطحة**) و بۆ ماوەی (٢٥) **بیستو پێنج ساڵ** بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :-

أ. بڕی کرێی ساڵانە لە چوار ساڵی یەکەم لە بەرواری تەواو بوونی ماوەی یەک ساڵی بە خشینەکە، بە بڕی (٦٠٠٠٠) **شەست هەزار دینار** دەبێت بۆ هەر ساڵێك.

**ب.** بڕی کرێی ساڵانە لە (٢٠) **بیست ساڵی کۆتایی** ماوەی پەیوەست نامەکە بە (١٢٠٠٠٠) **سەدو بیست هەزار دینار** دەبێت بۆ هەر ساڵێك.

٢. ڕەچاوکردنی سەرجەم بڕگەکانی تری پەیوەست نامەی نێوان وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار و هاووڵاتی ناوبراو کە لە بەرواری ٧/**تەمموز**/٢٠٠١ ئیمزاکراوە.

٣. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٨/**تشرینی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٦/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (١٠)**

**ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ک**

## بــڕیــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :**

١. ئیعفاکردنی بەڕێز (**چەتۆ ڕؤوف حەوێزی**) لە پۆستی (**سەرۆکی دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان**).

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٩/**تشرینی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٧/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

### هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە

لەبەر ئەوەی بەڕێز (**چەتۆ ڕؤوف حەوێزی**) لە بەرواری ٢٠٠٢/١٠/٤ بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و بەپێی بڕگەی (١) لە ماددەی (٤)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، ئەندامی ئەنجومەن نابێت فەرمانبەری گشتی بێت بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ١١ )
ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

( ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە )

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ١٢ )
ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

( ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە )

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ١٣ )
ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :

١. ئیعفاکردنی بەڕێز (**عثمان إسماعیل حسین**) لە وەزیفەی (**بەڕێوەبەری گشتی گومرگەکان**).
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٩/تشرینییەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ١٤ )
ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

( ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە )

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ١٥ )
ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :

١. دامەزراندنی بەڕێز (**حامد خالد محمد حسن**) لە پۆستی (**سەرۆکی دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان**) بە مووچەو دەرماڵەی وەزیر.
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٩/تشرینییەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ١٦ )
ڕۆژ : ٢٩/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٧/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

( ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە )

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (۱۷)

ڕۆژ : ۳۰/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز

بەرامبەر : ۸/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ک

**بــــڕیــــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (۱۸۰) لە ۳۰/ئەیلول/۲۰۰۲، بڕیارماندا :-**

**یەکەم** : تەعدیل کردنی ماددەکانی (۱، ۳) لە یاسای وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان (**یاسای ژمارە (۱۲)ی ساڵی ۱۹۹۲**) بەم شێوەیەی خوارەوە :-

۱. ئیستحداث کردنی (**بریکاری وەزارەت**) بۆ وەزارەتی داد وە دەبێتە زنجیرەی (٤) لە ماددەی (۱)ی یاسای ناوبراو وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**بریکار : بریکاری وەزارەتی داد/ هەرێم.**

۲. ئەو دەقەی هاتووە لە ماددەی (۳) کە تایبەتە بە پێناسەی وەزیرو دەسەلاتەکانی دەبێتە زنجیرەی (۱) لە ماددەکە.

۳. زیاد کردنی زنجیرەی (۲) بۆ ماددەی (۳) لە یاسای ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :-

**((بریکاری وەزارەت : ئەو کارانە جێبەجێ دەکات کە وەزیر بۆی دیاری دەکات))**

**دووەم** : وەزارەتی داد ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

**سێیەم** : لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ۳۰/**تشرینی یەکەم**/ ۲۰۰۲ ز بەرامبەر ۸/**گەلاڕێزان**/۲۷۰۲ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم بڕیارە**

لەبەر بەر فراوانی دەزگاکانی وەزارەتی داد و بەمەبەستی باشتر ڕاپەڕاندنی کارو چالاکیەکانیان لە پێناو زیاتر خزمەت کردنی هاووڵاتیان ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (۱۸)

ڕۆژ : ۳۰/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز

بەرامبەر : ۸/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ک

**بــــڕیــــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری تەشریعی ژمارە (۱۸۰) لە ۳۰/ئەیلول/۲۰۰۲، بڕیارماندا :-**

۱. دامەزراندنی بەڕێز (**فاروق جمیل صادق**) لە پۆستی (**بریکاری وەزارەتی داد**).

۲. وەزارەتی داد ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

۳. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ۳۰/**تشرینی یەکەم**/۲۰۰۲ز بەرامبەر ۸/**گەلاڕێزان**/۲۷۰۲ ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (۱۹)

ڕۆژ : ۳۰/ تشرینی یەکەم /۲۰۰۲ ز

بەرامبەر : ۸/گەلاڕێزان/۲۷۰۲ ک

**(ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە)**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٢٠)
ڕۆژ : ٣٠/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٨/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

(ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە)

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٢١)
ڕۆژ : ٣٠/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٨/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

(ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە)

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٢٢)
ڕۆژ : ٣٠/ تشرینی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٨/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. ئیعفاکردنی بەڕێز **(لعلی علی أحمد)** لە بڕی (٢٩٣٩٦) **بیستو نۆ هەزارو سێ سەدو نەوەدو شەش دینار** کە بریتییە لە سزای سەرپێچی کردنی ماددەکانی (٥٧، ٥٨)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ هەموار کراو لە کاتی فرۆشتنی مولکی ژمارە **(٩٠/٢٤٩ کەرتی (٨)ی ئابلاخ)**.
٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/**تشرینی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٨/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٢٣)
ڕۆژ : ٣/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١٢/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. بەخشینی کلێسای ئینجیلی پرۆتستانتی نیشتمانی لە بڕی (١٣٤٤٢٦) **سەدو سی و چوار هەزارو چوار سەدو بیست و شەش دینار** کە بریتییە لە پارەی خەمڵێنراوی پارچە زەوی ژمارە (١٧١/٢٢٣ م. د) کە بۆیان تەرخان کراوە.
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣/ **تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢/ **گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٢٤)
ڕۆژ : ٣/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١٢/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. کەم کردنەوەی کرێی ساڵانەی ئوتێل **(سلێمانی پالاس)** کە لەلایەن مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی بەکرێ گیراوە لە (٤٠٠٠٠٠) **چوار سەد هەزار دینار** ساڵانە بۆ بڕی (٥٠٠٠٠) **پەنجا هەزار دینار** ساڵانە.
٢. جگە لەم بڕیارە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی تر ناکرێت.

٣. وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣/ **تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢/ **گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٢٥)**

**ڕۆژ : ٣/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٢/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وەلەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیارماندا :-**

١. خەرج کردنی مووچەی شەهیدانە بۆ (**مجید محمد أمین بهرام**) وارسی شەهید (**حمید محمد أمین بهرام**) بەدەر لە بڕگەی (٦) لە ماددەی (٥) لە بڕیاری ژمارە (١٨٦) لە ڕۆژی **١٩/حزیران/١٩٩٩.**

٢. جگە لەم بڕیارە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی تر ناکرێت.

٣. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣/ **تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢/ **گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٢٦)**

**ڕۆژ : ٣/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٢/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. بڕینەوەی مووچەیەکی خانەنشینی بۆ پێشمەرگەی دێرین خاتوو (**پاکیزە مصطفى زیاد**) بە بڕی (٤٥٠٠) **چوار هەزارو پێنج سەد دینار** مانگانە.

٢. جگە لەم بڕیارە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی تر ناکرێت

٣. وەزارەتی داراییو ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣/ **تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢/ **گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٢٧)**

**ڕۆژ : ٥/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٤/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. خانەنشین کردنی ئەو (١٥) **پانزە** ناوەی کە لە لیستی هاوپێچدا هاتووە و ناوەکانیان بە (**مینە کریم محمد**) دەست پێ دەکاتو بە (**محمود علی مراد**) تەواو دەبێت، چونکە تەمەنیان لە (٦٨) ساڵ زیاترە، بەپێی یاسایی خانەنشین کردنی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦.

٢. درێژکردنەوەی خزمەتی وەزیفیان بۆ (١٥) **پانزە ساڵ** بە مەبەستی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی.

٣. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٥/ **تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٤/ **گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٢٨ )**

**ڕۆژ : ٥/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٤/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و بەهۆی بەردەوام بوونی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کارەبای سەرەکی لەسەر پێشنیاری وەزارەتی پیشەسازیو وزە بە نووسراویان ژمارە ( ٢٣٩١ ) لە ١/حوزەیران/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. گەڕانەوەی سەرجەم ئەو مولیدە کارەباییە حکومییانەی لەلایەن وەزارەتی پیشەسازیو وزە وە بەپێی پەیوەست نامەی بەکرێدان دراوە بە بەڵێندەران (**هاووڵاتیانو کۆمپانیاکان**) بۆ وەزارەتی ناوبراو کۆتایی پێهێنانی پەیوەست نامەکان لەو ڕۆژەی کارەبا بە بەردەوامی بۆ هاووڵاتیان دابین کراوە.

٢. قەرەبووکردنی بەڵێندەران (**هاووڵاتیانو کۆمپانیاکان**) تەنها بە ئەو برە پارەیە دەبێت کە خەرجیان کردووە بۆ دانانو نصب کردنی مولیدەکان.

٣. وەزارەتی ناوبراو دەرختەی پێویست ئامادە دەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەران لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماوەی کارکردنی مولیدەکان لەکاتی قەرەبووکردنەوەدا.

٤. وەزارەتی پیشەسازیو وزە ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٥/ **تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٤/ **گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٢٩ )**

**ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :**

١. ئیعفاکردنی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لەو پۆستانەی بەرامبەر ناوەکانیان دەست نیشان کراوە بەهۆی تەواوبوونی ماوەی سێ ساڵی کارکردن لەو پۆستانەدا.

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٦/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٥/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

| ژمارە | ناوەکان | پۆست |
|---|---|---|
| ١. | عدنان رشاد مفتی | وەزیری داراییو ئابووری |
| ٢. | د. یادگار رؤوف حشمت | وەزیری تەندروستی |
| ٣. | د. جمال فؤاد | وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری |
| ٤. | د. جلال شفیق علی | وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی |

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە**

بەرەچاوکردنی تەواو بوونی ماوەی کارکردنی ئەو بەڕێزانە لە پۆستەکانی سەرەوە و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرك و چالاکیانەی پێیان سپێردرابوو بە درێژایی مانەوەیان لە پۆستەکانیان دا بە دڵسۆزی و لێهاتوویی، لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی دیاری کراوبۆ کارکردن لە پۆستی وەزاری کە (٣) سێ ساڵە بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (٣٠)**
**ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :**

١. ئیعفاکردنی بەڕێز (**بایز سعید محمد**) لە پۆستی (**سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق**).
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **٦/تشرینیدووەم/٢٠٠٢ ز** بەرامبەر **١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (٣١)**
**ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وەلەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراویان ژمارە (٤٨٩) لە ٢٤/ئەیلول/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-**

١. بەرزترین ڕادەی ڕەسمی وەرگیراو بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکان بەپێی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٣٦) لە ساڵی ١٩٨٣ لە بڕی (١٥٠٠٠٠)**سەدو پەنجا هەزار دینار** تێپەڕنابێت.
٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **٦/تشرینیدووەم/٢٠٠٢ ز** بەرامبەر **١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (٣٢)

ڕۆژ : ٩/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٨/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بـــڕیـــــار

لەبەر ڕۆشنایی بەخشینی متمانە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان بۆ ئەو بەڕێزانەی ناویان لەخوارەوە هاتووە لە (حەوتەمین) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەن لە (خولی گواستنەوەی) دا لە ڕۆژی ٧/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو پۆستانەی کە بەرامبەر ناوەکانیان دیاری کراوەو وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٥٦٣) لە ٣٠/تشرینی یەکەم/٢٠٠٢، پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

١. دامەزراندنی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لەو پۆستانەی بەرامبەر ناوەکانیان دەست نیشان کراوە.
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٩/ تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٨/ گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

| ژمارە | نـــاوەکان | پۆست |
|---|---|---|
| ١. | بایز سعید محمد | وەزیری دارایی و ئابووری |
| ٢. | د. محمد قادر خۆشناو | وەزیری تەندروستی |
| ٣. | شالاو علی عبد الله عەسکەری | وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری |

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (٣٣)

ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بـــڕیـــــار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

١. هاووڵاتیان سەر پشك دەکرێن بە دانی پارەی باج بە دینار یان بە دۆلار بە فەرمانگەکانی باجی دەرامەتو باجی خانووبەرە.
٢. هاووڵاتیان سەر پشك دەکرێن بە دانی هەموو رەسمێکی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە بە دینار یان بە دۆلار.
٣. کرێی کارەباو تەلەفۆن بەهەمان شێوە هاووڵاتیان سەر پشك دەکرێن کە بە دینار یان دۆلار بیدەن.
٤. پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ڕێگەی لیژنەی تایبەت هەموو (١، ١٦) مانگێك نرخی دۆلار بەرامبەر بە دینار دیاری بکات.
٥. ئەم بڕیارە شمولی هەموو ئەو قەرزانە دەکات کە لە بڕگەکانی (١، ٢، ٣) دیاری کراوەو لەلایەن هاووڵاتیان تا ئێستا نەدراوە.
٦. پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی تایبەت دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە.
٧. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٨. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : ( ٣٤ )

ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :**

١. ئیعفاکردنی بەڕێز (**جلال عمر سام ئاغا**) لە پۆستی (**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری**).

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٦/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٥/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : ( ٣٥ )

ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**عثمان إسماعیل حسین**) لە پۆستی (**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری**).

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٦/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٥/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : ( ٣٦ )

ڕۆژ : ٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**جلال عمر سام ئاغا**) لە پۆستی (**سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق**).

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٦/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٥/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : ( ٣٧ )

ڕۆژ : ١١/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٠/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز (**بکر احمد یعقوب**) لە وەزیفەی قائممقامی قەزای ڕانیە.

٢. وەزارەتی ناوخۆ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٠/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە

لەبەر ئەوەی بەڕێز (بکر أحمد یعقوب) لە بەرواری ٢٠٠٢/١٠/٤ بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق‌و بەپێی بڕگەی (١) لە ماددەی (٤)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، ئەندامی ئەنجومەن نابێت فەرمانبەری گشتی بێت بۆیە، ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٣٨)**

**ڕۆژ : ١١/ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٠/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ک**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی بە نووسراویان ژمارە (٥٩٦) لە ١٤/تشرینی یەکەم/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. زیادکردنی مووچەی کەم ئەندامانی سەر بە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان کە ڕێژەی پەککەوتنیان (١٠٠٪)ە بۆ (٥٠٠) **پێنج سەد دینار** مانگانە بەبێ دەرماڵەی پلەو دەرماڵەی منداڵ.

٢. وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/تشرینی‌دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٠/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٣٩)**

**ڕۆژ : ١٢/ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ک**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی هەفتانەی ڕۆژی ٤/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-**

١. ئیعفاکردنی هاووڵاتیانی شارۆچکەی **(قەڵادزێ)** لەو ڕەسمە یاساییانەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە وەردەگیرێن لەکاتی دروست کردنەوەی خانووە ڕووخاوەکانیان کە پێشتر لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ڕووخێنراوە.

٢. پێویستە خانووەکان بەپێی وێنەی تۆمار **(صورة القيد)**ی موڵکەکە تۆمار بێت بەناوی ئەو هاووڵاتییەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوەدا ئاماژەی پێ دراوە، لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٣. وەزارەتی پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٢/تشرینی‌دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ک.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٤٠)
ڕۆژ : ١٢/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

١. دامەزراندنی (سەربەست حسن أمین) بە (ڕاوێژکار) لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەدەر لە بڕیاری ژمارە (٤٩)ی ڕۆژی ٢١/ نیسان/٢٠٠١.
٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٢/تشرینیدووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٤١)
ڕۆژ : ١٢/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

١. بە خشینی (مانگی سووری عێراقی/ لقی سلێمانی) لە ڕەسمی مۆڵەتی بیناکردن لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤/٥٥ /کەرتی ٨ ئابلاخ ) کە بریتییە لە بڕی (٣٨٠٠٠) سی و هەشت هەزار دینار
٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٢/تشرینیدووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٤٢)
ڕۆژ : ١٢/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، ولەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی هەفتانەی ڕۆژی ٤/تشرینی دووەم/٢٠٠٢، ولەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی بە نووسراویان ژمارە (٣٣٥)ە لە ٢٧/ئاب/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-

١. بەردەوام بوونی خەرج کردنی بەشە مووچەی ئەو کچانەی شوویان نەکردووەو تەمەنیان لە (١٨) هەژدە ساڵ تێپەڕبووە، لە مووچەی خانەنشینی باوکیان یان داکیان کە فەرمانبەری خانەنشین کرابوون و کۆچی دواییان کردووە، بە مەرجێك ئەو کچانە سەرچاوەی بژێوی سەربەخۆیان نەبێت و ئەگەر نەخوێندەواریش بوون پێویستە پشتگیری بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری پێشکەش بکات بە فەرمانگەی خانەنشینی پەیوەندی دار.
٢. کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت دژ بە ئەحکامی ئەم بڕیارە.
٣. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٢/تشرینیدووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٤٣)
ڕۆژ : ١٢/ تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١٢/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

(ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە)

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٤٤)
ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢٥ /گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

١. پێدانی دەسەڵات بە وەزیری تەندروستی بۆ دامەزراندنی (٢٥) **بیست و پێنج** پاسەوان و (١٥) **پانزە** شۆفێر بە شێوەی گرێبەست بۆ ماوەی (٦) **شەش** مانگ دەکرێت تازەبکرێتەوە لە کاتی پێویست.
٢. وەزارەتی تەندروستی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٤٥)
ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر :٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بڕیارماندا :-

١. درێژکردنەوەی ماوەی ساڵی ئامادە پێدراو، لە بڕگەی (١) لە ماددەی (**حەوت**) و بڕگە (٣ – أ) و (٤ – و) لە ماددەی (**هەشت**) لە یاسای ڕەگەزنامەی عیراقی ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٦٣)ی هەموار کراو بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ.
٢. ماوەی ئامادە پێدراو لە بڕگەی سەرەوە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١ وە کۆتایی دێت لە ٢٠٠٣/١١/١.
٣. وەزارەتی ناوخۆ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٦/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٤٦ )
ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر :٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ،و لەسەر پێشنیاری دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتیەكان بڕیارماندا :-**

١. وەرگرتنی (١) **یەك دینار** لەلایەن بریكارەكانی دابەش كردنی خۆراك لە هەر خێزانێك لە بەرامبەر دابەشكردنی فۆرمی نەوت بەسەریاندا.
٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكات.
٣. ئەم بڕیارە لە ١/**تشرینی دووەم/٢٠٠٢** جێبەجێ دەكرێت.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٦/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٥/**گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٤٧ )
ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر :٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ١١/تشرینی دووەم/٢٠٠٢و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی بڕیارماندا :-**

١. بەدەركردنی دەرچووانی بەشی چاككردنی ئامێرە پزیشكییەكان (**تقني أجهزة الطبية**) لە پەیمانگا تەكنیكییەكان لە بڕیاری سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (٥٥) لە ساڵی ٢٠٠١ لە كاتی دامەزراندنیان لە نەخۆشخانەكان لەبواری تایبەتمەندی خۆیاندا.
٢. پێدانی دەسەڵات بە وەزیری تەندروستی بۆ دامەزراندنی ناوبراوان لە ڕێگەی ئەنجومەنی گشتی ڕاژەوە.
٣. وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٦/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٥/ **گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٤٨ )
ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ١١/تشرینی دووەم/٢٠٠٢و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بڕیارماندا :-**

**یەكەم** :- تەعدیل كردنی بڕگەی (١) لە بڕیاری سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٥٦) لە ٢٧/**تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :-

١. سزادانی هەر كەسێكی سروشتی یان مەعنەوی كە زیان دەگەێنێت بە تۆڕی كێبلاتی تەلەفۆنی شارو شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان لە دەرئەنجامی (**التقصیر و الاهمال**) بە غەرامەو بەم ڕێژانەی خوارەوە :-

أ. وەرگـرتنی (**غەرامـە**) بـە ڕێـژەی (١٠٠٪) لـە کـۆی گشـتی پـارەی دەرخسـتـەی چـاککردنەوەی کێبڵـە هەوایی‌یە زیان لێکەوتووەکان.

ب. وەرگـرتنی (**غەرامـە**) بـە ڕێـژەی (١٥٠٪) لـە کـۆی گشـتی پـارەی دەرخسـتـەی چـاککردنەوەی کێبڵـە ژێرزەوی‌یەکانی زیان لێکەوتوو.

ج. سـەرەڕای وەرگـرتنی ئـەو غەرامانـەی ئامـاژەی پێدراوە لە برگـەی (أ، **ب**)ی سـەرەوە، بـڕی پـارەی تێچوونی چاککردنەوەی کێبڵـەکان وەردەگیرێـتـەوە لـەو کەسـانە بـەپـێی دەرخسـتـەی وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیانـدن کـە ئامـادەی دەکـات بـە مەبەستی چاککردنەوەی ئەو کێبلانە.

**دووەم** :- وەزارەتـە پەیوەنـدی دارەکـان ئـەم بڕیـارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

**سـێیەم** :- لـە سـلێمانی نووسـرا لـە ڕۆژی **١٦/تشـرینی‌دووەم**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبـەر **٢٥/گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٤٩)**

**ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر :٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

**بـڕیـار**

**پشـت بـە ئـەحکامی بڕیـاری ژمـارە (١٨٠) لـە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. دامەزرانـدنی بـەڕێز (**صبیحة حسن محمد**) بـە ڕاوێـژکار لـە دیـوانی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیران.

٢. ئـەم بڕیـارە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جێبـەجێ دەکرێت.

٣. لـە سـلێمانی نووسـرا لـە ڕۆژی **١٦/تشـرینی‌دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبـەر **٢٥/گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٥٠)**

**ڕۆژ : ١٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر :٢٥/گەلاڕێزان/٢٧٠٢ ك**

**بـڕیـار**

**پشـت بـە ئـەحکامی بڕیـاری ژمـارە (١٨٠) لـە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. خانەنشین کردنی بەڕێز (**صبیحة حسن محمد**) ڕاوێـژکار لـە دیـوانی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـەپـێی برگـەی (**دووەم**) لـە بڕیـاری (١٩٣)ی ساڵی ٢٠٠١.

٢. وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لـە سـلێمانی نووسـرا لـە ڕۆژی **١٦/تشـرینی‌دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبـەر **٢٥/گەلاڕێزان**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (٥١)

ڕۆژ : ٢٣/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢/سەرماوەرز/ ٢٧٠٢ ك

## بـــڕیـــار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وەلەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بڕیارماندا :-

١. هەڵوەشاندنەوەی (**بەڕێوەبەرایەتی ترافیك**) لە پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ.
٢. أستحداث کردنی (**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەندازەی هاتووچۆ**) لە پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ وە دەبێتە زنجیرەی (٨) لە ماددەی (چوارەم) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣.
٣. (**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەندازەی هاتووچۆ**) لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت :-
أ. **بەشی پلانسازی**
ب. **بەشی جێبەجێ کردن**
ج. **بەشی کارگێڕی و دارایی**
٤. وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی دەردەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.
٥. وەزارەتی ناوخۆ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٦. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٣/**تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : (٥٢)

ڕۆژ : ٢٣ / تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢/سەرماوەرز/ ٢٧٠٢ ك

## بـــڕیـــار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وەلەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بڕیارماندا :-

١. أستحداث کردنی (**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هاتوچۆ**) لە پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ، وە دەبێتە نجیرەی (٧) لە ماددەی (**چوارەم**) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩) ساڵی ١٩٩٣ و لەلایەن بریکاری وەزارەتی ناوخۆوە سەرپەرشتی دەکرێت. و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگاکان پێوە دەبەسترێتەوە.
٢. وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.
٣. وەزارەتی ناوخۆ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٣/**تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٥٣)
ڕۆژ : ٢٣ / تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

**یەکەم** :- خەرج کردنی دەرماڵەی (**ژن و منداڵ**) بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١. دەرماڵەی هاوسەرێتی (**الزوجیة**) بە بڕی (٢٥) **بیست و پێنج دینار** تەنها بۆ ژن خەرج دەکرێت ئەگەر (**ژن و پیاو**) فەرمانبەر بوون بەڵام ئەگەر تەنها پیاو فەرمانبەر بوو ئەوا بۆ پیاوەکە خەرج دەکرێت.

٢. دەرماڵەی منداڵ بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت :-

أ. **بۆ منداڵی یەکەم (٢٥) بیست و پێنج دینار.**

ب. **بۆ منداڵی دووەم (٢٠) بیست دینار.**

ج. **بۆ منداڵی سێیەم (١٥) پانزە دینار.**

د. **بۆ منداڵی چوارەم (١٠) دە دینار.**

هـ. **بۆ منداڵی پێنجەم و بەرەو ژوور بۆ هەریەکێکیان (٥) پێنج دینار.**

**دووەم** :- لە کاتی بڕینی دەرماڵەی هەر منداڵێك بەپێی بڕیار و ڕێنماییەکان، منداڵی دوای خۆی (**بچووکترلەو**) ئەو دەرماڵەی دەیگرێتەوە کە لە منداڵی پێش خۆی بڕدراوە.

**سێیەم** :- ئەم بڕیارە ئەو فەرمانبەرانە ناگرێتەوە کە کۆی (**مووچە و دەرماڵە**)ی مانگانەیان زیاترە لەو بڕانەی لە بڕگەی (أ، **ب**) خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە :-

أ. ئەگەر هاتوو ژن یان پیاو فەرمانبەر بوو وە (**مووچە و دەرماڵە**)ی مانگانەی بەستراو لەسەر لیستی مووچە جگە لە دەرماڵەی خێزان و منداڵی خەرج کراو پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە لە (١٠٠٠) **هەزار دینار** بەرەو ژوورتر بێت.

ب. ئەگەر هاتوو ژن و مێرد هەردووکیان فەرمانبەر بوون کۆی مووچە و دەرماڵەی بەستراویان لەسەر لیستی مووچە هەردووکیان لە (١٥٠٠) **هەزار و پێنج سەد دینار** بەرەو ژوورتر بێت جگە لە دەرماڵەی خێزان و منداڵی خەرج کراو پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە.

ج. ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لە بڕگەی (أ، **ب**)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە و ئەم زیاد کردنەی دەرماڵە نایانگرێتەوە هەمان دەرماڵەی (**ژن و منداڵ**)یان بۆ خەرج دەکرێ کە پەیڕەوکراوە لە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە.

**چوارەم** :- ئەگەر هاتوو مووچەی فەرمانبەر بەپێی زیادکردنی دەرماڵەی خێزانی و منداڵ کە لەم بڕیارەدا هاتووە ببێتە هۆی تێپەڕبوونی مووچەکەی (**مووچە و دەرماڵە**) لەو بڕانەی لە بڕگەی (أ، **ب**)ی زنجیرەی (**سێیەم**)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، بڕە زیادەکان دەگەڕێندرێتەوە و دەبێتە داهاتی کۆتایی.

**پێنجەم** :- فەرمانبەر لە سەرەتای هەموو ساڵێکی داراییدا فۆرمی دەرماڵەی هاوسەرێتی (**الزوجیة**) پڕدەکاتەوە، وە لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەك لەباری خێزانیدا لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە، بەپێچەوانەوە فەرمانبەر لە نادروستی ئەو زانیاریانەی پێشکەشی دەکات بەرپرسی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ.

**شەشەم** :- ئەم بڕیارە سەرەرای فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانبەران و کارمەندانی هەردوو (**وەزارەتی ناوخۆ**) و (**وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە**) دەگرێتەوە لەگەڵ ڕەچاو کردنی بڕگەکانی سەرەوەی ئەم بڕیارە.

**حەوتەم** :- کار بە هیچ دەقێکی یاسای ناکرێت پێچەوانەی بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**هەشتەم** :- وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

**نۆیەم** :- ئەم بڕیارە لە ١/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ وە جێبەجێ دەکرێت.

**دەیەم** :- لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٣/ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢/ سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم بڕیارە**

بە مەبەستی باشتر کردنی گوزەرانی فەرمانبەران کە توێژێکی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان پێکدێنن و بەپێی یاساو بڕیارەکانی پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە دەرماڵەی خێزان و منداڵیان بە ڕێژەیەکی دیاری کراو بۆ خەرج دەکرا کە ئەمڕۆ لەگەڵ باری گوزەران لە هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت، هەروەها بە مەبەستی کاملکردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێم لە بەرزکردنەوەی گوزەرانی فەرمانبەران کە پێشتر مووچەو دەرماڵەکانیان زیادکراوە، بۆیە ئەم بڕیارە دەرکرا.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (٥٤)**
**ڕۆژ : ٢٣ / تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٢ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-**

١. خانەنشین کردنی بەڕێز ( **عبدالمجید عبدالحمید گوێڕی**) بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لە سەر داواکاری خۆی، وە بە مووچە و دەرماڵەی بریکاری وەزارەت.

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (٥٥)**
**ڕۆژ : ٢٣ / تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٢ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**یاسین ملا ڕؤوف رسول**) بە بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی .

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە .

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٣/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : (٥٦)**
**ڕۆژ : ٢٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٥ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

**بڕیار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بڕیارماندا :-**

١. فرۆشتنی ڕووبەری (٢٢٠٠ م²) لە زەوی ژمارە (٢٨/٣ کەرتی (٨) ئابلاخ) بۆ بەڕێز (**توفیق**

**طيب حسن)** بە نرخی (١٥٠٠) **هەزارو پێنج سەد دینار** بۆ هەر مەتر دووجایەك بەدەر لەیاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦.

٢. نرخی زەویەكە بە دۆلار لە ناوبراو وەردەگیرێت بە ڕێژەی (١ $) **یەك دۆلاری ئەمەریكی** بەرامبەر (١٥) **پانزە دیناری عیراقی** چاپی سویسری.

٣. پێویستە ناوبراو لە ماوەی (٦) **شەش مانگدا** پرۆژەیەكی بازرگانی لەسەر زەویەكە دروست بكات بەپێی نەخشەی پەسەند كراو لەلایەن وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزارەوە.

٤. جگە لەم بڕیارە كار بە هیچ دەقێكی یاسایی ناكرێت.

٥. وەزارەتە پەیوەندی دارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٦. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **٢٦/تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر **٥/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٥٧ )**
**ڕۆژ : ٢٦/ تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٥/سەرماروەرز/٢٧٠٢ ك**

**( ئەم بڕیارە إلغاء كراوەتەوە )**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٥٨ )**
**ڕۆژ : ٢٧ / تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٦ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. ئیعفاكردنی **(یانەی وەرزشی كمال سەلیم)** لە بڕی (١٠٥٥٠٢) **سەدو پێنج هەزارو پێنج سەدو دوو دینار** كە بریتیە لە نرخی خەمڵێنراوی فرۆشتنی موڵكی ژمارە (٥٥/٢٣٣) أطراف البلدة بە یانەی ناوبراو لەلایەن سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانییەوە.

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **٢٧/تشرینیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر **٦/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٥٩ )**
**ڕۆژ : ٢٧ / تشرینی دووەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٦ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. گەڕانەوەی ئەو فەرمانبەرانەی حكومەتی هەرێم كە زیندانی سیاسی بوون لەلایەن ڕژێمی عێراقی و بە بڕیاری لێبووردنی گشتی ڕژێم لە مانگی **تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٢** دا ئازادكراون، بۆ سەر كارو وەزیفەی پێشووی خۆیان.

٢. ئەژمارکردنی ماوەی بەندکردنی بە دوو ئەوەندە بۆ مەبەستەکانی زیادکردنی سەرمووچەو پلە بەرزکردنەوە (**العلاوة و الترفيع**) و خانەنشینی.
٣. خەرج کردنی مووچەی ماوەی بەندکردنەکەیان.
٤. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٧/**تشرینی دووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٦/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**رئاسة مجلس الوزراء**
**رقم القرار : (٦٠)**
**تاريخ القرار : ٢٧/ تشرين الثاني/٢٠٠٢ م**
**الموافق : ٦/ سەرماوەز/٢٧٠٢ ك**

## قرار

**أستناداً إلى أحكام القرار رقم (١٨٠) في ٣٠/أيلول/٢٠٠٢، قررنا ما يلي :-**

**أولاً** :- إعفاء الأحداث المودعين عما تبقى من مدد محكوميتهم.

**ثانياً** :- تخفيض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء بنسبة (٤٠٪) **أربعون بالمائة** من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم و تعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية لدى المؤسسات العقابية التابعة لدوائر الإصلاح الاجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي.

**ثالثاً** :-

١. إعفاء المحكومين في جرائم (**قتل العمد**)،(**الشروع بالقتل**)،(**الضرب المفضي إلى الموت**)،(**قتل الخطأ**)،(**التسبب في الموت بسبب حوادث المركبات**) و (**الإيذاء العمدي الذي أدى إلى حدوث عاهة مستديمة**) إذا كان المشتكي أو المدعي بالحق الشخصي قد تنازل عن حقه.
٢. يحق للمشتكي و المدعي بالحق الشخصي في الجرائم المذكورة في الفقرة (١) أعلاه الذي لم يتنازل عن حقه أثناء المحاكمة ، التنازل عنه أمام المحكمة التي أصدرت الحكم خلال (٦) **ستة أشهر** من تأريخ صدور هذا القرار، و تقرر المحكمة شمول المحكوم بالإعفاء و إطلاق سراحه.
٣. إذا كان المدعون بالحق الشخصي أكثر من شخص واحد يكتفي بتنازل الشخص الذي تربطه بالمجنى عليه صلة القرابة الزوجية أو القرابة من الدرجة الأولى ، وفي حالة عدم وجود مثل تلك القرابة يؤخذ بتنازل الأقرب من الدرجات الأخرى.

**رابعاً** :- يستثنى من أحكام هذا القرار المحكومون من غير الأحداث عن الجرائم التالية :-

١. الجرائم المعاقب عليها بعقوبة الإعدام.
٢. الجرائم الماسة بأمن الإقليم الداخلي و الخارجي.
٣. جرائم المخدرات.
٤. الجرائم المخلة بالأخلاق ، جرائم الخطف و جرائم (**المواقعة و اللواطة بالمحارم**).
٥. العائدون ممن شملوا بعفو عام أو خاص عن جرائمهم السابقة.
٦. قتل الأجانب العاملين لدى المنظمات الأجنبية في إقليم كوردستان و الجرائم المنصوص عليها في قانون رقم (٨) لسنة ١٩٩٢ الصادر عن المجلس الوطني الكوردستاني.

**خامساً**:- على المحكوم عليه في جرائم اختلاس أموال الدولة و سرقتها المشمول بأحكام هذا القرار، أن يرد قبل إطلاق سراحه ما اختلسه أو استولى عليه من مال أو قيمة ما حصل عليه من منفعة أو ربح.

**سادساً** :- يستفيد من أحكام هذا القرار النزلاء الذين شملوا بقرار رئاسة إقليم كوردستان رقم (٧٧) في ٢٠٠٢/٥/٢٧، بتخفيض مدة عقوباتهم بنسبة (١٠٪) من مدة العقوبة المتبقية، أما الذين شملوا بقرارات تخفيض العقوبة قبل القرار المذكور أعلاه فلا يستفيدون من هذا القرار.

**سابعاً** :- لا يستفيد من أحكام هذا القرار الذين صدرت بحقهم أحكام غيابية ولم يتم إلقاء القبض عليهم لغاية تأريخ صدور هذا القرار ، ماعدا الذين يقومون بتسليم أنفسهم إلى السلطات المختصة خلال مدة (٣) ثلاثة أشهر من تاريخ صدور هذا القرار.

**ثامناً** :- إذا عاد المشمول بأحكام هذا القرار خلال (٣) **ثلاث سنوات** من تأريخ إطلاق سراحه إلى ارتكاب جريمة و عوقب من اجلها من قبل المحكمة المختصة بالحبس مدة لا تقل عن (٣) **ثلاث سنوات**، يلغى التخفيض أو الإعفاء الذي تمتع به بموجب أحكام هذا القرار و تنفذ بحقه كامل العقوبة المعفاة عنه إذا كانت الجريمة التي ارتكبه من الجنايات و نصف مدة العقوبة إذا كانت الجريمة من الجنح.

**تاسعاً** :- للمتضرر من الجريمة التي ارتكبها المشمول بأحكام هذا القرار حق المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية أن كان لذلك مقتضى.

**عاشراً** :- تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القرار لجنتان برئاسة حاكمين لا يقل صنف كل منهما عن الثاني يتم تنسيبهما من قبل وزير العدل و عضوية ممثل عن وزارة الداخلية و وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية و رئاسة الادعاء العام في كل لجنة .

**حادي عشر** :- على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

**ثاني عشر** :- كتب القرار في السليمانية بتأريخ ٢٧/**تشرين الثاني**/٢٠٠٢ م ، **الموافق** ٦/سەرماوەز/٢٧٠٢ك.

**د. برهم أحمد صالح**

**رئيس مجلس الوزراء**

## الأسباب الموجبة

بما أن الهدف الأساسي من العقوبة هو إصلاح الجاني و تقويم سلوكه ، ونظراً لان المحكومين الذين يشملهم هذا العفو قد قضوا مدد معينة في مؤسسات الإصلاح الاجتماعي و بغية إعطاء الفرصة لإعادتهم و خصوصاً الأحداث إلى المجتمع عن طريق إطلاق سراحهم أو تخفيض مدة محكوميتهم ، وبمناسبة قرب عيد الفطر المبارك و تقديراً من حكومة الإقليم لهذه المناسبة الكريمة و لبعث السرور في قلوب ذوي المحكومين و المودعين من الأحداث ، صدر هذا القرار.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٦١)**

**ڕۆژ : ٢/ کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. زیادکردنی مووچەی بنەڕەتی هێزەکانی **(القوة الأجرائية)**ی فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی بە ئەم بڕانەی کە لە خشتەی خوارەوە دیاری کراوە وەك هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە لە بڕیاری ژمارە (٤٦)ی ڕۆژی ١٣/**نیسان**/٢٠٠٢ دا هاتووە.

٢. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/**کانوونی‌یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

| ژ | پلەی هێزەکانی (القوة الأجرائية) | مووچەی بنەڕەتی هێزەکانی (القوة الأجرائية) |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی | ٩٠٠ نۆ سەد دینار |
| ٢ | بەڕێوەبەری فەرمانگەی چاککردنی پیاوان | ٧٠٠ حەوت سەد دینار |
| ٣ | بەڕێوەبەری فەرمانگەی چاککردنی بەشی ژنانو نەوجەوانان | ٧٠٠ حەوت سەد دینار |
| ٤ | مأمور پلە/ ١ | ٦٥٠ شەش سەدو پەنجا دینار |
| ٥ | مأمور پلە /٢ | ٦٠٠ شەش سەد دینار |
| ٦ | مأمور پلە /٣ | ٥٥٠ پێنج سەدو پەنجا دینار |

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٦٢)**

**ڕۆژ : ٢/ کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. ئیعفاکردنی وەرەسەی شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان لە نرخی ئەو پارچە زەوییەنیشتەجێیانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆیان تەرخان دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکان ، وە ئەم ئیعفاکردنە نرخی ئەو ڕووبەرە زیادەیەش دەگرێتەوە کە لە سەروو (١٥٠) سەدوو پەنجا مەتر دووجاوەیە .هەروەها دەبەخشرێن لەو ڕەسمە یاساییانەی وەردەگیرێت لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرەوە بۆ تۆمارکردنی ئەو زەویانە بەناویانەوە .

٢. وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : (٦٣)**

**ڕۆژ : ٢/ کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وە لە سەر پێشنیاری کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بڕیارماندا :-**

١. ئیعفاکردنی **(زیندانییە سیاسیەکان)** لە نرخی ئەو پارچە زەوییەنیشتەجێیانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆیان تەرخان دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

٢. وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر١١/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٦٤ )
ڕۆژ : ٢ / کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١١ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-

١. ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر تۆمەتبار(هەژار رسول محمود) لە کێشەی لێکۆڵینەوەی ژمارە (٢٠٠٢/١٧) لە دادگای لێکۆڵینەوەی ڕانیە، وە داخستنی فایلی لێکۆڵینەوەو ئازادکردنی دەست بەجێ بە مەرجێك تەوقیف نەکرابێت یان حوکم نەدرابێت لەسەر کێشەی تر.
٢. خاوەن مافی شخصی دەتوانێت سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات بۆ داواکردنی مافی خۆی و ئەم بڕیارە نابێتە هۆی فەوتاندنی مافی شەخصی.
٣. وەزارەتی داد ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/کانوونیەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٦٥ )
ڕۆژ : ٢ / کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١١ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، ولەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٨/تشرینی دووەم/٢٠٠٢ و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، بڕیارماندا :-

١. زیادکردنی ڕێژەی ئەو دەسەڵاتەی دراوە بە وەزیری دارایی و ئابووری بەپێی ماددەی (شەشەم) لە بڕیاری ژمارە (٨٤) لە ٣/حزیران/٢٠٠٢، بۆ زیادکردنی پشتیوانە (أعتماد)ی بوودجەی پەسەندکراوی ساڵی ٢٠٠٢ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێژەی (١٪) بۆ ڕێژەی (٤٪).
٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/کانوونیەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە**

بەهۆی فراوان بوونی ئەرك و چالاکیەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٢ و جێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت بۆ زیادکردنی مووچەو دەرماڵەی توێژە جیاوازەکانی فەرمانبەران ئەم بڕیارە دەرکرا.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٦٦ )
ڕۆژ : ٣ / کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١٢ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ک

## بــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی هەفتانەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٨ و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیارماندا :-**

١. وەرگرتنی سزای دواکەوتن (**الغرامة التاخيرية**) لە ئەو کەسانەی خانووی حکومیيان بۆ تەملیک کراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (١٢١) ی ساڵی ١٩٩٨ و دوادەکەون لە دەفع کردنی قیستی ساڵانەی تەملیك کردنی خانووەکانیان بەم شێوەیە خوارەوە:-

أ. لەبەرامبەر هەرمانگێك دواکەوتن لە دەفع کردنی قیستەکان بڕی (٢٥٠) دوو سەدوو پەنجا دینار غەرامەیان لێ وەردەگیرێت تا ماوەی (٣) سێ مانگ دواکەوتن ، وە ئەگەر ئەو کەسانە بەردەوام بوون لە دواکەوتن لەدوای تێپەڕبوونی ماوەی ئەو (٣) سێ مانگە ئەوا بڕی غەرامەکە دەبێت بە (٥٠٠) پێنج سەد دینار بۆ هەر مانگێك دواکەوتن تا ماوەی (٣)سێ مانگی تری دواکەوتن.

ب. ئەگەر ئەو کەسانە بەردەوام لە دواکەوتن لە دەفع کردنی قیستی ساڵانە لە دوای تێپەڕبوونی (٦)شەش مانگی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (ا)ی سەرەوە، ئەوا لیژنەی باڵای تەملیك کردنی خانووە حکومیيەکان بەپێی بڕگەی (٨) لەخاڵی (**یەکەم**)ی بڕیاری ژمارە ( ١٢١ ) ساڵی ١٩٩٨ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تەملیك کردنی خانووەکە دەردەکات.

٢. وەرگرتنی قیستی ساڵانەی تەملیك بەبێ سزای دواکەوتن (**الغرامة التاخيرية**) لەو کەسانەی کە لەپێش بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارە دواکەوتوون لە دەفع کردنی قیستی ساڵانەی تەملیکی خانووەکانیان بەپێی بڕیاری ژمارە (١٢١)ی ساڵی ١٩٩٨، وە لەکاتی دواکەوتنیان لە دەفع کردنی قیستەکان بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك لەدوای بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارە، ئەوا بەپێی بڕگەی (١)ی سەرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٣. وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣/ **کانوونی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢/ **سەرماوەرز/٢٧٠٢ک**.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٦٧ )
ڕۆژ : ٣ / کانوونی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١٢/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ک

## بــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢،وە دوابەدوای هەردوو بڕیارمان ( ١٢٩ ) لە ساڵی ٢٠٠٠ وە ( ١٤٢ )ی ساڵی ٢٠٠١، بڕیارماندا :-**

١. کەمکردنەوەی باجی دەرامەت بە ڕێژەی (٥٠٪) لەسەر ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە کاری بەڵێندەرایەتیان وەرگرتووە لە ڕێکخراوەکانی (UN) لەسەر بوودجەی بڕیاری ( ٩٨٦ ).

٢. ئەم بڕیارە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانە دەگرێتەوە کە پرۆژەکانیان پێش بەرواری ١٧/**ئاب**/٢٠٠٢ لە ژێر جێبەجێ کردندا بوون بۆ ئەو بڕە پارانەی (**سلفەی پرۆژەکان**) کە وەریان گرتووە یان وەری دەگرن لە دوای بەرواری سەرەوە.

٣. پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانە بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیان و، بەڵگەنامەی ڕەسمی پێویست پێشکەش بکەن بە

وەزارەتی پەیوەندیو هاوکاری بە مەبەستی پشتگیری کردنیان لە بەردەوام بوونیان لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیان.

٤. وەزارەتی پەیوەندیو هاوکاری بەرەچاوکردنی برگەی (٣)ی سەرەوە ، وەزارەتی داراییو ئابووری ئاگادار دەکات کە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە، بەردەوام بوونە لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیان.

٥. ئەم بڕیارە هەتا ئەو بەرواره كاری پێ دەكرێت كە ڕێژەی دۆلار بۆ دیناری سویسری ببێتە (١) **یەك دۆلار** بەرامبەر (١٥) **پانزە دینار**.

٦. وەزارەتی داراییو ئابووری و وەزارەتی پەیوەندیو هاوکاری ڕێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ ئاسانکاری جێبەجی کردنی ئەم بڕیارە.

٧. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجی دەكرێت.

٨. لە سلێمانی نوسرا لە ڕۆژی ٣/ **کانوونی یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢ / **سەرماوەرز/٢٧٠٢ك**.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار** : ( ٦٨ )
**ڕۆژ** : ٤ / **کانوونییەکەم**/٢٠٠٢ ز
**بەرامبەر** : ١٣ / **سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك

## بــڕیــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**خالد محمد أمين سفوى**) بە قائمقامی قەزای ڕانیە لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٢. وەزارەتی ناوخۆ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٤/**کانوونییەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٢/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار** : ( ٦٩ )
**ڕۆژ** : ٩ / **کانونی یەکەم**/٢٠٠٢ ز
**بەرامبەر** : ١٨ /**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك

## بــڕیــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. خەرج کردنی مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە بە بڕی (١٠٠٠) **هەزار دینار** بۆ هونەرمەند **(عثمان محمد صالح فرج)**

٢. وەزارەتی داراییو ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٩/**کانوونییەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٨/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٧٠ )**

**ڕۆژ : ١١ /کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٠ / سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشـــت بــــە ئـــەحکامی بڕیـــاری ژمـــارە ( ١٨٠ ) لـــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-**

١. ســـەرف کردنـــی مووچـــەی خانەنشـــینی خـــاتوو( **ناهـــدە شـــێخ ســـلام**)کـــە لـــە بـــەرواری ٢٠٠١/١/١وە وەری نەگرتوە لە بەڕیوەبەرایەتی خانەنشینیی سلیمانی .
٢. وەزارەتـی دارایـیو ئـابووری ئـەم بڕیـارە جـێ بـە جێ دەکات .
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچـوونی یـەوە جێبـەجێ دەکریت.
٤. لـــــە ســـــلێمانی نووســـــرا لـــــە ڕۆژی ١١/**کانوونی‌یەکـــــەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبـــــەر ٢٠/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٧١ )**

**ڕۆژ : ١١ /کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٠ / سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشـــت بــــە ئـــەحکامی بڕیـــاری ژمـــارە ( ١٨٠ ) لـــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی‌و ئـابووری بـە نوسـراویان ژمـارە ١٢٩٥١ لـە ٢٠٠٢/١١/٢٥ بڕیارماندا :-**

١. بەخشـینی جوتیـاران لـە ڕەسمـی گـومرکی بەرهـەمی (فسـتق عبیـد)کە ئەگوێزرێتـەوە بـۆ سلیمانی و یان کە دەیبەن بۆ ئێران .
٢. وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ئەم بڕیارە جێبـەجێ دەکات .
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی یـەوە جێبـەجێ دەکریت.
٤. لـــــە ســـــلێمانی نووســـــرا لـــــە ڕۆژی ١١/**کانوونی‌یەکـــــەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبـــــەر ٢٠/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٧٢ )**

**ڕۆژ : ١٥ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٤ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشـــت بــــە ئـــەحکامی بڕیـــاری ژمـــارە ( ١٨٠ ) لـــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ،و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی‌و گەشت‌و گوزار بڕیارماندا :-**

١. فرۆشـتنی ڕووبـەری ( ٢٠٠٠م$^2$ ) **دوو هـەزار مـەتر دووجـا** لـە پارچـە زەوی ژمـارە ( **٣/٣٨ کـەرتی ٨ ئابلاخ** ) بە بەڕێز ( **عمر حسین احمد** ) بەدەر لە ئیجرائاتی زیاد کردنی ئاشکرا (المزایـدة العلنیـة) کە لە یاسای فرۆشـتن و بـە کـرێ دانـی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ هاتووە.
٢. لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژە پێدراوی سەرەوە لیژنەیـەکی تایبـەتی خەملانـدن پێکدەهێنرێت لـە وەزارەتـی شـارەوانی‌و گەشـت‌و گـوزار بـۆ دەسـت نیشـان کردنـی نرخـی فرۆشـتنی ئـەو پارچـە زەویـە بـۆ نـاوبراو، بـە ڕەچاوکردنی نرخـی زەوی دەوروبـەری، و نرخـی فرۆشـتنەکە لەلایەن وەزیری شارەوانی‌و گەشـت‌و گـوزارەوە پەسەند دەکرێت .
٣. پێویستە ناوبراو لە ماوەی ( ٦ ) **شـەش مـانگ** لە بـەرواری تۆمـارکردنی پارچـە زەوی‌یەکـە بـە

ناوی‌یەوە، کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ دروست کردنی ئەو پرۆژەیەی لە لایەن وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزارەوە پەسەند دەکرێت، و بە پێچەوانەوە مامەڵەی فرۆشتنەکە هەڵدەوەشێتەوە، پارچە زەویەکە تۆمار دەکرێتەوە بەناوی شارەوانیەوە، و ناوبراو بەرپرس دەبێت لە هەر زەرەر و زیانێك لە شارەوانی بگات لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی ئەم بڕگەیە .

٤. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **١٥/کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢** ز بەرامبەر **٢٤/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٧٣ )**
**ڕۆژ : ١٥ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٢٤ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ،و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار بڕیارماندا :-**

١. بەکرێ دانی پارچە زەوی ژمارە ( **٩٠٤/٥ کەرتی دەرگەزێن** ) بە شێوەی ( **مساطحة** ) بۆ ماوەی ( ٢٥ ) ساڵ لە بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، بۆ بەڕێزان ( **کمال علی محمود** ) و ( **بهاءالدین احمد حسن** ) بەدەر لە ئیجرائاتی زیاد کردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) کە لە یاسای فرۆشتن و بە کرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ هاتووە.

٢. لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژە پێدراوی سەرەوە لیژنەیەکی تایبەتی خەملاندن پێکدەهێندرێت لە وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار بۆ دەست نیشان کردنی بڕی کرێی بەکرێدانی ئەو پارچە زەویە بۆ ناوبراوان، بە ڕەچاوکردنی کرێی زەوی لە دەوروبەری، و بڕی کرێیە کە لەلایەن وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزارەوە پەسەند دەکرێت .

٣. پێویستە ناوبراوان لە ماوەی ( ٦ ) **شەش مانگ** لە بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ دروست کردنی ئەو پرۆژەیەی کە لە لایەن وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزارەوە پەسەند دەکرێت، و بە پێچەوانەوە مامەڵەی بەکری دانەکە هەڵدەوەشێتەوە،و ناوبراوان بەرپرس دەبن لە هەر زەرەر و زیانێك لە شارەوانی بگات لە ئەنجامی سەرپێچی کردنیان لەم بڕگەیە .

٤. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **١٥/کانونی‌یەکەم/٢٠٠٢** ز بەرامبەر **٢٤/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٧٤ )
ڕۆژ : ١٧ /کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢٦ / سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-

١. پێدانی دەسەلات بە ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بۆ خەرج کردنی پارە تا بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەت گوزاریەکانی شارەوانی سلێمانی .
٢. خەرج کردنی پارەی ئاماژە پیدراو لە برگەی (١) یەکی سەرەوە بە پێی ڕێنمایەکان دەبێت.
٣. کار بە هیچ دەقیکی یاسایی ناکریت هاو دژ بێت لەگەڵ ئەحکامی ئەم بڕیارە .
٤. وەزارەتی شارەوانی‌و گەشت‌و گوزار ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکات .
٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٧/کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٦/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٧٥ )
ڕۆژ : ١٧ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢٦ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی پیشەسازی‌و وزە بڕیارماندا :-

١. پیدانی دەسەلات بە وەزیری وەزیری پیشەسازی‌و وزە بۆ فرۆشتنی ئەو کەل و پەلانەی نرخی خەملێنراویان تا (٢٠٠٠٠ )بیست هەزار دینارە بەشیوەی ڕاستەوخۆ بە دەر لە ئیجرائاتی زیاد کردنی ئاشکرا (المزایده العلنیه) کە لە یاسای فرۆشتن و بە کرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ هاتووە.
٢. وەزارەتی پیشەسازی‌و وزە ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٧/کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٦/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٧٦ )
ڕۆژ : ١٨ /کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢٧ / سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك

**بڕیار**

پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ،وەلەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی‌و گەشت‌و گوزار بە نوسراویان ژمارە (٨٠٥) لە ٢٠٠٢/١١/٢٧ ،وە لەبەر ئەوەی ڕیکخراوی (مناڵپاریزی کوردستان) ڕیکخراویەکی مرۆییە بڕیارماندا :-

١. بەخشینی ڕیکخراوی (مناڵپاریزی کوردستان) لە رەسمی مولەتی بیناکردن بۆ ئوفیسی ریکخراوەکە لە سلیمانی سەر پارچە زەوی ژمارە (٧٧/١٧٣ کەرتی (٨) ئابلاخ).
٢. وەزارەتی شارەوانی‌و گەشت‌و گوزار ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/کانوونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٧/سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٧٧ )**

**ڕۆژ : ١٨ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٧ /سەرماوەرز/٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەبەر ڕۆشنایی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٩ بڕیارماندا :-**

١. مووچەی خانەنشینی **سەرپەرشتیاری دادی (المشرف العدلی)** کە دادوەرنین و سەرپەرشتی فەرمانگە دادیەکان دەکەن وەك مووچەی خانەنشینی **(بریکاری وەزارەت)** دەبێت کە لە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩٣)ی **ساڵی** ٢٠٠١ دیاری کراوە.

٢. وەزارەتی داد بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی تایبەت دەردەکەن بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی **١٨/کانونی یەکەم/٢٠٠٢ ز** بەرامبەر٢٧/**سەرماوەرز**/٢٧٠٢ **ك**.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٧٨ )**

**ڕۆژ : ٢٤ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٣ / بەفرانبار /٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بڕیارماندا :-**

١. فرۆشتنی ڕووبەری ($٢٠٠٠م^٢$) **دوو هەزار مەتر دووجا** لە پارچە زەوی ژمارە (٣/٣٧ **کەرتی ٨ ئابلاخ**) بە بەڕێز **(احمد علی فرج)** بەدەر لە ئیجرائاتی زیاد کردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) کە لە یاسای فرۆشتن و بە کرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ هاتووە.

٢. لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژە پێدراوی سەرەوە لیژنەیەکی تایبەتی خەملاندن پێکدەهێنرێت لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ دەست نیشان کردنی نرخی فرۆشتنی ئەو پارچە زەویە بۆ ناوبراو، بە ڕەچاوکردنی نرخی زەوی دەوروبەری، و نرخی فرۆشتنەکە لەلایەن وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارەوە پەسەند دەکرێت .

٣. پێویستە ناوبراو لە ماوەی (٦) **شەش مانگ** لە بەرواری تۆمارکردنی پارچە زەویەکە بە ناویەوە، کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ دروست کردنی ئەو پرۆژەیەی لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە پەسەند دەکرێت، و بە پێچەوانەوە مامەڵەی فروشتنەکە هەڵدەوەشێتەوە، پارچە زەویەکە تۆمار دەکرێتەوە بەناوی شارەوانیەوە، و ناوبراو بەرپرس دەبێت لە هەر زەرەر و زیانێك لە شارەوانی بگات لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی ئەم بڕگەیە .

٤. وەزارەتــە پەیوەنـدی دارەکـان ئـەم بڕیـارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لـــە ســـلێمانی نووســـرا لـــە ڕۆژی ٢٤/کانونی‌یەکـــەم/٢٠٠٢ ز بەرامبـــەر ٣/بەفرانبار/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٧٩ )**
**ڕۆژ : ٢٩ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ز**
**بەرامبەر: ٨ / بەفرانبار /٢٧٠٢ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی (**حیدر محمد احمد**) بە ناونیشانی (**شـارەزا** ) لـە دەزگای شـەهیدانی شۆڕشی گـەلی کوردسـتان بـە دەر لـە بڕیلری ژمـارە ( ٤٩ )ی ساڵی ٢٠٠١ .

٢. نـــاوبراو ســـەرەڕای کـــاری وەك شـــارەزا، سەرپەرشـتیاری بەشـی کۆمەلایـەتی دەکـات لـە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان .

٣. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لـــە ســـلێمانی نووســـرا لـــە ڕۆژی ٢٩/کانونی‌یەکـــەم/٢٠٠٢ ز بەرامبـــەر ٨/بەفرانبار/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

### هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە

لەبـەر پێویسـتی دەزگـای شـەهیدانی شۆڕشـی گـەلی کوردستان بە کەسیکە شارەزا لە بواری پێشمەرگایەتی و هەروەها پەیوەندی بە هێز لەگەڵ کەسوکاری شـەهیدان وە بـۆ مەبەسـتی ڕاپەڕانـدنی ئـیش و کارەکانیـان بـە شێوەیەکی ڕێك و پێك، بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد .

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٨٠ )**
**ڕۆژ : ٣٠ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٩ / بەفرانبار /٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــار

**پشـت بـە ئـەحکامی بڕیـاری ژمـارە ( ١٨٠ ) لـە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شـارەوانی و گەشت و گوزار بـە نۆسراویان ژمـارە ٢٣١٥٧ لـە ٢٠٠٢/٢/٢٢ بڕیارماندا :-**

١. فرۆشـتنی هـەردوو پارچـە زەوی ژمـارە( ١٧/٥ و ١٧/٧ **کەرتی ٨ ئابلاخ** )کە زەویەکی بازرگانیە بە بەڕێز ( **محمد علی مجید** ) بـەدەر لـە ئیجرائـاتی زیـاد کردنـی ئاشـکرا (**المزایـدة العلنیة**) کـە لـە یاسای فرۆشـتن و بـە کـرێ دانی موڵـك و مـاڵی دەوڵەت ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ هاتووە.

٢. لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژە پێدراوی سـەرەوە لیژنـەیـەکی تایبـەتی خـەملانـدن پێکـدەهێنرێت لـە وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار بـۆ دەسـت نیشـان کردنـی نرخـی فرۆشـتنی ئـەو پارچـە زەویـە بـۆ نـاوبراو، بـە ڕەچـاوکردنی نرخـی زەوی دەوروبـەری، و نرخـی فرۆشـتنەکە لەلایـەن وەزیـری شارەوانی و گەشـت و گـوزارەوە پەسەند دەکرێت .

٣. پێویستە ناوبراو لە مـاوەی ( ٦ ) **شـەش مـانگ** لـە بـەرواری تۆمـارکردنی پارچـە زەویەکـە بـە ناویـەوە، کـاری پێویسـت ئـەنجام بـدات بـۆ دروسـت کردنـی ئـەو پرۆژەیـەی لـە لایـەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە پەسـەند دەکرێت، و بە پێچەوانەوە مامەڵەی فرۆشتنەکە هەڵدەوەشـێتەوە، پارچـە زەویەکـە تۆمـار دەکرێتـەوە بـەناوی شـارەوانیەوە، و نـاوبراو بـەرپرس دەبێـت لـە هـەر زەرەر و زیانێـك بـە

شارەوانی بگات لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی ئەم برگەیە .

٤. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/کانونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٩/بەفرانبار/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٨١ )**

**ڕۆژ : ٣٠ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٩ / بەفرانبار /٢٧٠٢ ك**

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. فرۆشتنی ڕووبەری (٢٠٠٠م٢)دوو هەزار مەتر دوو جا لە پارچە زەوی ژمارە( ٣/٣٨ **کەرتی ٨ ئابلاخ**) بۆ بەڕێز(**عمر حسین احمد**) بە پێی‌بڕیاری ژمارە (٧٢)لە ٢٠٠٢/١٢/١٥بە نرخی (١٥٠٠) هەزار و پینج سەد دینار دەبێت بۆ هەر مەتر دووجایەك لە پارچە زەویەکە .

٢. نرخی زەویەکە بە **دۆلار** وەردەگیرێت لە ناوبراو بە ڕێژەی (1$)یەك **دۆلار** بەرامبەر (١٥)پانزە دیناری عێراقی چاپی سویسری

٣. کار ناکرێت بە برگەی (٢)ی بڕیاری ئاماژە پێ دراو لە برگەی (١)ی سەرەوە .

٤. وەزارەتە پەیوەندی دارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/کانونی‌یەکەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٩/بەفرانبار/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٨٢ )**

**ڕۆژ : ٣١ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠ / بەفرانبار /٢٧٠٢ ك**

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢،و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بڕیارماندا :-**

١. فرۆشتنی ڕووبەری (١٥٠٠٠م٢) **هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا** لە پارچە زەوی ژمارە (٣٨/٦٨ **کەرتی ٨ ئابلاخ**) بۆ بەڕێز (**عمر قادر رشيد**) بە نرخی (١٥٠٠)هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر مەتر دووجایەك بەدەر لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦.

٢. نرخی زەویەکە بە **دۆلار** لە ناوبراو وەردەگیرێت بە ڕێژەی (1$)بەرامبەر (١٥)پانزە دیناری عێراقی چاپی سویسری .

٣. پێویستە ناوبراو لە ماوەی (٦) **شەش مانگ** لە بەرواری تۆمارکردنی پارچە زەویەکە بە ناویەوە، کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ دروست کردنی ئەو پرۆژەیەی لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە پەسەند دەکرێت .

٤. جگە لەم بڕیارە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی تر ناکریت .

پرۆژەیەی كە لە لایەن وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزارەوە پەسەند دەكرێت، و بە پێچەوانەوە مامەڵەی بەكرێ دانەكە هەڵدەوەشێتەوە،و ناوبراوان بەرپرس دەبن لە هەر زەرەر و زیانێك بە شارەوانی بگات لە ئەنجامی سەرپێچی كردنیان لەم بڕگەیە .

٤. وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣١/كانونییەكەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/ بەفرانبار/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٨٥ )**

**ڕۆژ : ٣١/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠/ بەفرانبار/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. مووچەی خانەنشینی ئەو دوو بەڕێزەی خوارەوە كەبەڕێوەبەری گشتی خانەنشین كراون بەپێی ماددەی (٣) لە بڕیاری ژمارە (١٩٣)ی ساڵی ٢٠٠١ دەست نیشان دەكرێت:

أ. **فضل علی مصطفی**

ب. **صلاح علی رسول**

٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكات لەڕۆژی دەرچوونییەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لەڕۆژی ٣١/كانوونییەكەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/بەفرانبار/ ٢٧٠٢ ك

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارەی بڕیار : ( ٨٦ )**

**ڕۆژ : ٣١/كانوونی یەكەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠ / بەفرانبار/٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحكامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، وە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لەكۆبونەوەی هەفتانەی ڕۆژی ( ٢٠٠٢/١٢/٣٠ ) ، بڕیارماندا بەدەر كردنی ئەم بڕیارەی خوارەوە:-**

### بڕیاری ڕێزلێنان لە نووسەرو هونەرمەندان

**یەكەم:-**

**هونەرمەند** : ئەو كەسەیە كە لەیەكێك یان زیاتر لەبواری هونەرەجوانەكاندا داهێنەر بێت.

**نووسەر:** ئەو كەسەیە كە خاوەن بەرهەمێكی داهێنەرانە بێت لەبوارەكانی ئەدەب یان لە بواری زانستە مرۆیی و سروشتییەكان **( العلوم الانسانیة و الصرفة)**.

**دووەم**

١. دامەزراندنی سندووقێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ناوی ( **سندووقی ڕێزلێنان لە نووسەر و هونەرمەندان** ) كە خاوەن كەسێتی یاسایی دەبێت و سەرپەرشتی دەكرێت لەلایەن دەستەیەك كەپێك دێت لە:

أ. وەزیری ڕۆشنبیری. سەرۆك

ب. **نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری ( پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت ).** ئەندام

ج. **نوێنەری یەكێتی نووسەرانی كورد.** ئەندام

د. **نوێنەری یەكێتی هونەرمەندانی كوردستان.** ئەندام

هـ. **ژمارەیەك ئەندامی تر كە لە لایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەكرێت.**

٢. **سەرچاوەی داهاتی سندوقەكە بریتی دەبێت لە :**

أ. یارمەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ سندوقی ڕێزلێنانەكە، لە ساڵی یەكەم (٢٠٠٣) بەبڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار دەبێت، بۆ

ساڵانی داهاتووش حکومەت بەپێی پێویست یارمەتی سندوقەکە دەدات.

ب. هەر یارمەتی و دیارییەك پێشکەش بە سندوقەکە دەکرێت.

٣. **دەسەلاتەکانی دەستەی سەرپەرشتیاری سندوقەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

أ. جێبەجێ کردنی سەرجەم ئەو کارانەی پەیوەندیان بەم بڕیارەوە هەیە.

ب. کردنەوەی (**حساب**) ێکی تایبەت لەیەکێك لەبانکەکانی هەرێم بۆ دانانی پارەی سندوقەکە.

ج. دابین کردنی فەرمانبەری پێویست بۆ ڕاییکردنی کارەکان بەتایبەت (**ژمێریار**) و (**ووردبین**).

د. هەڵسەنگاندنی ئەو داواکارییانەی پێشکەش بە دەستەی سەرپەرشتیاری دەکرێن بەمەبەستی پاڵاوتنیان بۆ ڕێزلێنان بەپێی ئەم بڕیارە بەراویژ کردن لەگەڵ لیژنەیەکی پسپۆرو شارەزا لەبواری نووسین و هونەر کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست نیشان دەکرێت.

ه. بەرزکردنەوەی لیستی ناوی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە دەپاڵێورێن بۆ (**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**) بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر تەرخانکردنی مووچەی ڕێزلێنانی مانگانە بۆیان بەپێی ئەم بڕیارە.

و. ئامادە کردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر باری دارایی سندوقەکە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

**سێیەم** :- هەر (نووسەر یان هونەرمەند)ێك ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ یان زیاتر خزمەتی هەبێت لە بواری نووسین یان هونەردا ، ڕاستەوخۆ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بە دەستەی سەرپەرشتیاری سندوق بکات بەمەبەستی پاڵاوتنیان بۆ ڕێزلێنان بەپێی برگەکانی ئەم بڕیارە، یان لەرێگەی یەکێتی (نووسەران ، هونەرمەندان)ەوە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ ئەو مەبەستە.

**چوارەم**:- بڕی مووچەی ڕێز لێنانی مانگانە بە لایەنی کەمەوە لە ( ٧٥٠ ) **حەوت سەد و پەنجا دینار** کەمتر نابێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ساڵانی خزمەت لەسەروو بیست و پێنج ساڵ بە جۆرێك بۆ هەر ساڵێکی خزمەتی زیاد بڕی ( ٥٠ ) **پەنجا دینار** دەخرێتە سەر مووچەی ڕێزلێنانەکە، وە لەکاتی گۆڕان لەبەهای دیناری عێراقیدا چاو دەخشێندرێتەوە بەو بڕە مووچەیە.

**پێنجەم**:- لەکاتی کۆچی دوایی نووسەر یان هونەرمەندی ڕێزلێنراو بەپێی برگەی ( ٦ ) ی سەرەوە ، مووچەکەی خەرج دەکرێت بۆ وەرەسەی شەرعی کۆچکردوو.

**شەشەم** :- بڕی (٥٠٠) **پێنج سەد دینار** مانگانە خەرج دەکرێت بۆ وەرەسەی شەرعی ئەو نووسەر و هونەرمەندەی کۆچی دوایی دەکات بەمەرجێك ماوەی خزمەتی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**حەوتەم**:- ئەو نووسەرو هونەرمەندەی کە داواکاری پێشکەش دەکات بۆ تەرخان کردنی مووچەی ڕێز لێنان پێویستە بەلگەنامەو موستەمسەکات پێشکەش بەدەستەی سەرپەرشتیار بکات بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لەبواری خۆیدا بۆ ماوەی دەست نیشان کراو بەپێی ئەم بڕیارە کاری کردووە و خاوەن بەرهەمێکی داهێنەرانەیە ، یان لە لایەن (**یەکێتی نووسەرانی کورد**) یاخود (**یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان**) ڕاستەوخۆ پشتگیری دەکرێت .

**هەشتەم** :- نووسەر یان هونەرمەند دەتوانێت لە ماوەی ( ١٥) پانزدە ڕۆژ لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری دەستەی سەرپەرشتی سندوق، داواکاری (طعن) پێشکەش بە دادگای ئیستئناف لە سلێمانی بکات وە بڕیاری دادگای ناوبراو لەو بارەیەوە بڕیاری کۆتایی دەبێت.

**نۆیەم** :- مووچەی ڕێزلێنان ڕێگە لەخەرج کردنی مووچەی خانەنشینی ناگرێت بۆ ئەو نووسەر و هونەرمەندەی کە فەرمانبەرن و بەپێی یاسای خانەنشینی پەیرەو کراو خانەنشین دەکرێن.

**دەیەم** :- ساڵانە حساباتی سندوق لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی ووردبینی دەکرێت.

**پانزەیـــەم** :-حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان سـاڵانە (٥) داهێنەر خەڵات دەکات لەبوارەکانی نووسین و هونەردا کە لەلایەن لیژنەیەکی شارەزاوە دیاری دەکرێن وە خەڵاتەکە بریتییە لە پاداشت و بڕوانامەی ڕێزلێنان وەبڕی پاداشتەکە ساڵانە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**دوانزەیـــەم** :-حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان سـاڵانە لەمانگی نەورۆزدا وە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا خەڵات دەبەخشێت بە داهێنەران.

**سیانزەیەم** :- ئەم بڕیارە لەڕۆژی ٢٠٠٣/١/٢وە لەلایەن وەزارەتە پەیوەندارەکان جێبەجێ دەکرێت.

**چواردەیەم** :- وەزارەتی رۆشنبیری ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

**پانزەیـــەم** :- لـە سـلێمانی نووسـرا لـەڕۆژی ٣١/**کانوونییەکـــەم**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبــەر ١٠/**بەفرانبار**/٢٧٠٢ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە**

لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزلێنان لە کۆشش و داهێنانی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە بەشێکی بەرچاوی تەمەنیان لە پێناو خزمەت کردنی بوارەکانی ئەدەب و هونەر و زانستە مرۆیی و سروشتییەکان تەرخان کردووە ، بەمەبەستی ڕێزلێنان و دابینکردنی گوزەرانێکی شایستە بۆ خۆیان و کەس وکاریان ، ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارەی بڕیار : ( ٨٧ )**
**ڕۆژ : ٣١ / کانونی یەکەم /٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ١٠ / بەفرانبار /٢٧٠٢ ك**

**بـــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢،و لەسەر پێشنیاری پارێزگای هەولێر بە نوسراویان ژمارە ١٨٩ لە ٢٠٠٢/١٢/٣ بڕیارماندا :-**

١. بەخشینی (**کۆمپانیای سەگرمە**) لە پارەی گومرکی ئەو کەرەستانەی خوارەوە کە لە شاری هەولیرەوە دەیهێنێت بۆ پڕۆژەی چاکردن و فراوان کردنی نەخۆشخانەی شاری ( **تەق تەق** )
٢. وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات .
٣. ئەم بڕیارە لە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت .
٤. لـە سـلێمانی نووسـرا لـە ڕۆژی ٣١/**کانونی‌یەکـەم**/٢٠٠٢ز بەرامبـەر ١٠/**بەفرانبار**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**کەرەستەکان** :-

١. (٣٠٠) سێسەد تەن شیش .
٢. (٦٥٠) شەش سەدو پەنجا تەبەق (B.R.C) (٦×٢)مەتری .
٣. (٧٠٠)م٢حەوت سەد مەتر دوو جا بەردی حەلان.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : ( ٨٨ )

ڕۆژ : ٣١ / کانونی یەکەم / ٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٠ / بەفرانبار /٢٧٠٢ ك

## بــڕیـــار

**پشــت بــە ئــەحکامی بڕیـاری ژمـارە ( ١٨٠ ) لــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. هەڵوەشاندنەوەی مامەڵەی فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە (١٣٤/٢٦٠ **کەرتی چوار باخ**) کە بە زیاد کردنی ئاشکرا فرۆشرابو بە(**محمد طیب طاهر، جمال محمود محمد ،کریم احمد کریم ، اختیار فارس**) گەڕانەوەی ئەو پارەیەی کە ناوبراوان دەفعیان کردوە .

٢. وەزارەتی شارەوانی‌وگەشت‌وگوزار و وەزارەتی داد ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣١/**کانونی‌یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/**بەفرانبار** /٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارەی بڕیار : ( ٨٩ )

ڕۆژ : ٣١ /کانوونی یەکەم/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٠ / بەفرانبار/٢٧٠٢ ك

## بــڕیـــار

**پشــت بــە ئــەحکامی بڕیـاری ژمـارە ( ١٨٠ ) لــە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢، بڕیارماندا :-**

١. بەڕێز (**فەرەیدون عبد القادر**) وەزیری ناوخۆ بەکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەکالەت هەڵدەستێت تا گەڕانەوەمان لە دەرەوەی هەرێم.

٢. ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣١/**کانوونی‌یەکەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/**بەفرانبار**/٢٧٠٢ ك.

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**